# چەند زانیارییەکی مێژوویی
# و
# جوگرافی وئابوری لەسەر شارۆچکەی پێنجوێن

عبد الرحمن علی

**پێنجوێن و مێژوو:**- مێژووی دروستبوونی ئەم شارە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی شانزەهەم واتا زیاتر لە چوارسەد ساڵە ئەم شارە ئاوەدانی تێدایە، بەپێ ی ئەو توێژینەوەو لێکۆڵینەوانەی کە بۆ ناوچەکە کراوە دەرکەوتوە کە پاشماوە دێرینەکانی قەڵاکانی (قزڵجە ،کچێ ،وێنە) لە ناوچەی پێنجوێن دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی دووەم و هەزارەی یەکەمی پێش زایین، بەڵام پێکهاتەی زەوی و خاکی ناوچەی پێنجوێن مێژووی دروستبوونەکەی زۆرکۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ چاخی جیۆلۆجی یەکەم واتا((ئەرکی)) و بۆ چوارهەزار ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستاو بەم پێیەش بە یەکێك لە کۆنترین یاخود دێرینترین ناوچەکانی کوردستا و عێراقیش دادەنرێت.

ناوچەی پێنجوێن لەو مێژوەی کە قەڵاکانی کچێ و قزڵجە تێدا دروستکراوە لەژێر حوکمی (لۆلۆییەکان) دابووە، هەرچەندە تاکو ئێستا سەرچاوەیەکی مێژووی ڕاست و دروست لەبەردەستدانیەو نەکەوتۆتە دەست کە لەدیرۆکی ناوچەی پێنجوێن بدوێت بەڵام کۆنترین ئاماژە بۆکردن لەم ڕووەوە ڕێکەوتننامەی (ئاماسیە) ی ساڵی 1555ز یە لە نێوان هەردوو دەوڵەتی (عوسمانی و صەفەوییەکان) کە لەو ڕێکەوتننامەدا هاتوە کە ناوچەکە وەك ناوچەیەکی بێلایەن ماوەتەوە .

(نەوشیروان مستەفا) لەکتێبی (میرایەتی بابان لەنێوان ڕۆم و عەجەمدا) نوسیویەتی مانەوەی ناوچەکە بەبێ لایەنی بوە بە هاندەرێك بۆ حکومڕانانی ئەردەڵان دەست بە سەرناوچەی پێنجوێندا بگرن. حکومڕانی ناوچەی پێنجوێن چەندجارێك لە نێوان دەسەڵاتدارانی عوسمانی و صەفەوی و بابانی و ئەردەڵانی دەستاودەستی کردوەو پاش بڕانەوەی حکومی بابانەکانیش تاساڵی 1915ز لەژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی عوسمانیەکاندا بوە.

پێنجوێن سەرەتا گوندێك بووە سەربە ناوچە(ناحیە)ی قزڵجە (کە ئێستا ئەو گوندە واتا قزڵجە بەیەکێك لە فەرامۆشترین گوندەکانی ناوچەکە هەژمار دەکرێت) ناحیەی قزڵجەش سەر بەقەزای گوڵعەنبەر بوە کە دەکاتە خورماڵی ئێستاو ئەم ڕاستیەش لە چەندین نوسراو و بەڵگەی خەڵکی پێنجوێندا کە تائێستاش هەندێکیان لای خۆیان پاراستویانەو تاییەتە بە موڵکیەتی زەوی و زارەکانیانەوە پارێزراوەو ماوەتەوە، دواترو لەگەڵ دروستبوونی حکومەتی عێراقدا بە هۆی هەڵکەوتوویی پێنجوێن و پێشکەوتوویی دانیشتوانەکەی لەسەرجەم بوارەکاندا پێنجوێن کراوەتە

ناحیەو چەند دامودەزگایەکی حکومی تێدا دانراو بینایان بۆ دروستکراو خەڵکی ناوچەکەش بۆ ڕاییکردنی کاروبارە حکومیەکان ڕوویان تێدەکرد.

پێنجوێن بەم شێوەیە مایەوە تا کوساڵی 1959ز ئیتر بەهۆی فراوانبوونی ناوچەکەو زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی پێنجوێن کرایە قەزایەکی سەربەخۆ کە پێشتر وەکو ناحیە سەر بە قەزای هەڵەبجە بوو. وە هەر لەگەڵ کردنی پێنجوێن بە قەزا گوندی گەرمك کە کەوتۆتە باکوری پێنجوێنەوە بە دووری 12کیلۆمەتر کرایە ناحیەو ئیش و کارە حکومیەکانی ناوچەکەی تێدا ڕاییدەکرا.

## ناوی پێنجوێن یاخودووشەی پێنجوێن لەچییەوەهاتووە؟

سەبارەت بەناوی پێنجوێن زۆر ڕاو بۆچوونی جیاواز هەیە لەم بارەیەوە مامۆستا محەمەد ئەمین زەکی بەگ وایلێکداوەتەوە کە پێنجوێن لەکاتی خۆرهەڵاتن تا ئاوابوونی پێنج وێنەی تیا بەدیدەکرێت، مامۆستاحوسێن حوزنی موکریانیش هەمان بۆچونی هەیە لەسەر ناوی پێنجوێن هەروەها مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دەڵی کە پێنجوێن لە بنچینەدا پێنج دێ بووە کە ئاسەوارو شوێنەواری هەرپێنج دێیەکە ماون وە من بۆ خۆم ئەم بۆچونەم لە چەند کەسایەتیەکی بەتەمەنی پێنجوێن بیستوەو دڵنیابوون لەوەی کە ئەم بۆچونە زیاتر لە ڕاستیەوە نزیکەو ئاماژەشیان بۆ ئەوە دەکرد کە تائێستاش ئاسەواری ئەوگوندانە یان ناوچانە ماوەتەوە، بۆچونێکیش هەیە کە گوایە پێنجوێن چەند کەسێك ئاوەدانیان کردۆتەوە کە لە شاری ( پێنجەن )ی ئەفغانستانەوە هاتوونەتە ناوچەکەو هەربەناوی شارەکەی خۆیانەوە لە ئەفغانستان ناویان ناوە، وە چەنڕایەکی تریش پێیان وایە کە ناوی پێنجوێن لە پێنج جووەوە هاتوە واتا پێنج جولەکە ئاوەدانیان کردۆتەوە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەساڵانی سەدەی ڕابردوودا ژمارەیەك ماڵی جولەکە لەم شارەدا هەبوون و وەك هەرماڵێکی تری موسڵمان ژیانی ئاسایی خۆیان بەسەربردوەو هەندێکیشیان پێکەوە لەگەڵ موسڵمانەکاندا کاروکاسپییان کردوە. بۆچونێکی تر هەیە لەسەر ناونانی پێنجوێن کە پێدەچێت ئەمەیان زیاتر لەڕاستیەوە نزیك بێت ئەویش ئەوەیە کاتێك ئەسکەندەری مەکدۆنی پاش سەرکەوتنی لە شەڕی (کۆگەمێلا ) لە ساڵی 331ی پێش زایین لەنزیك هەولێر لەبەرامبەر سوپای دارای سێیەمی ئەخمینی مەفرەزەیەکی پێنج لە شاری (ئارابخا ) کەرکوکی ئەمڕۆ ناردە بەری ڕۆژهەڵات بۆ ناوچەی میدیا واتا موکریانی ئەمڕۆ بۆ چاودێری و پاکسازی هەمەدان و داگیری بکات بەوپێیەی سەردەمانێك پایتەختی دەوڵەتێکی گەورەی وەك( میدیا ) بووە مەفرەزەکە لە شاری مەریوان ڕێگایان گرتەبەر، بەم پێیەش پێ دەچێت ووشەی پێنجوێن لە ( پانج ) ی یۆنانیەوە هاتبێت واتا

پێنج یۆنانی کە ئەو سنورەیان بەرەو هەکباتانا بڕی . وە ڕەنگە دەیان بۆچونی تریش هەبێت لەسەر وشەی پێنجوێن و ناوەکەی بەڵام هەر ئەوەندە بەسە.

## پێنجوێن لە ڕووی جوگرافیاوە

ئەم ناوچەیە لە کۆمەڵێك چیاو گردۆڵکەو دەشتی کشتوکاڵی ئاودار پێکهاتوە و پردی کەولۆز سنوری نێوان قەزای پێنجوێن و سەیدسادقەو لە گوندی تەڕاتەوەنەوە دەست پێدەکات و بەگوندی میشیاوی سەرسنور کۆتایی دێت و دەکەوێتە سەرهێڵی درێژی(46)پلەی ڕۆژهەڵات وهێڵی پانی (35,9) پلەی باکوری هێڵی کەمەرەیی و96 کیلۆمەتر باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی، وە(1317)مەتر لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە و تێکڕای باران لە ساڵدا 900ملم ە . ڕووبەری سەرجەم قەزای پێنجوێن بریتی یە لە(1129)کیلۆمەتر کە بەم شێوەیەدابەش بوە .
(203)کیلۆمەتر ڕووبەری مەڵبەندی قەزاکەیە، (282)کیلۆمەتریش ڕووبەری ناحیەی ناڵپارێزە و (642)کیلۆمەتریش ڕوبەری ناحیەی گەرمکە کە زیاترە لە ڕووبەری مەڵبەندی قەزاکەو ناحیەی ناڵپارێزیش . واتا پێنجوێن لە ڕووی کارگێڕییەوە پێکدێت لە قەزایەك و دووناحیەو نزیکەی 150 گوند کە لە ئێستادا چەندگوندێك چۆڵبوون یان بەرەوچۆڵبونی یەکجارەکی دەڕۆن. وە پێنجوێن ناوچەیەکی سنورییەو(151) کیلۆمەتر سنوری بە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە هەیە، دووری نێوان ناحیەی ناڵپارێزو پێنجوێن 19 کیلۆمەترەو دووری نێوان پێنجوێن و ناحیەی گەرمکیش 12کیلۆمەترە. وە ناوچەی پێنجوێن یەکێکە لەو ناوچانەی کە ژمارەیەکی زۆری ڕوەکی سروشتی تێدایەو خاوەنی دارستانێکی زۆرە، هەروەها چەندین شاخ و لوتکەی بەرزیشی تێدایە لەوانە زنجیرەچیای سریستان کە بەرزییەکانیان دەگاتە2557 مەترو بەرزترین لوتکەی ناوچەکەش شاخی سورکێوە کە بەرزییەکەی دەگاتە2564مەترو هەردەکەوێتە زنجیرەچیاکانی سریستان کە هاوسنوری کۆماری ئیسلامی ئێرانە. وەپێنجوێن سنوری هەیە بە شارەکانی بانە و مەریوانی کوردستانی ڕۆژهەڵات (کوردستانی ئێران) و هاوسنوری هەردووقەزای شاربازێر و سەیدسادقیشە کە دووقەزای تری وەك پێنجوێنن سەربە پارێزگای سلێمانی .

## پێنجوێن لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە

گەربمانەوێت سەرژمێرییەکی ڕاست و دروستی ناوچەی پێنجوێنمان دەست بکەوێت لە کۆنەوە تاکو ئێستا ئەوا بە دڵنیاییەوە ناتوانرێت ئەو سەرژمێرییە دروستەمان دەست بکەوێت، بۆیە تەنها دەتوانرێت بۆ ئەم مەبەستە پشت بە چەند سەرچاوەیەك ببەستین. لە کتێبی (سلێمانی ناوچەیەك لە کوردستان)کە مێجرسۆن نوسەرەکەیەتی و سەدەیەك پێش ئێستا وەك نوێنەرو گەڕیدەیەکی بەریتانی

ماوەی سێ ساڵێك لە شاری سلێمانیدا ماوەتەوە و شەش مانگیان سەرقاڵی گەڕان بووە بە ناوچەکانی ئەو پارێزگایەدا و لە سەردانیدا بۆ ناوچەی پێنجوێن سەبارەت بە ژمارەی دانیبشتوانی پێنجوێن دەڵێ (پێنجوێن (3550)کەس دانیشتوانیەتی و لەو ڕێژەیەش 3000 کەسی کوردە و500 کەسیشی جولەکەیەو 50 کەسی مەسیحیشی تێدایە. کە ئەمەش ئەوە دەردەخات ناوچەی پێنجوێن جگە لە کورد جولەکەو مەسیحیشی تێدایە هەرچەندە مێجەرسۆن باس لە بوونی کلدانیش دەکات لەناوچەکەدا بەڵام هیچ سەرچاوەیەکی تر ڕاستی ئەم قسەیەی نەسەلماندوە. هەروەها (کلۆد یۆس جیمس ڕیچ ) لەکتێبەکەیدا (گەشتی ڕیچ بۆ کوردستان ساڵی 1820) باس لەوە دەکات کە کاتێك هاتۆتە ناوچەکە و پێنجوێن ژمارەیەك جولەکەی تێدایە کە زۆرینەیان سەرقاڵی کاری بازرگانین، ڕیچ ماوەیەکی زۆر لە ناوچەکەدا ماوەتەوەو گوندی (ئەحمەدکلوانی) کردۆتە شوێنی پشودان و حەوانەوەی خۆی دەڵێ تەنها لە ناوپێنجوێندا جولەکە نەبووە بەڵکو لە گوندەکانی سنورەکەشدا جولەکەی زۆری تێدا بووەو گوندی (بێستان)ی سنوری پێجوێن بە نمونە دێنێتەوەو دەڵێ کە لەو گوندەدا (40)ماڵ دەژییان لەچل ماڵە 25 ماڵیان خەڵکەکەی موسڵمان بون و15 ماڵەکەی تریشیان جولەکە بوون. بە پێ ی هەندێ سەرچاوەی نارەسمیش ژمارەی دانیشتوانی ناو پێنجوێن لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا کە هێشتا نەکرابوە ناحیە بەڵام نیمچە شارۆچکەیەکی پێکدەهێنا (1200بۆ1300) کەس دەبوون . بە هۆی ئەنجامنەدان و دەستنەکەوتنی داتایەکی تەواو لەسەر ڕێژەو ژمارەی دانیشتوان لەساڵانی ی ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا تەنها و تەنها دەتوانرێت پشت بەئاماری ساڵی 1977 ببەسترێت کە دەتوانرێت بەڕاسترین ئامار ناوببرێت، کە بە پێ ی ئامارو سەرژمێری ساڵی 1977 سنوری قەزای پێنجوێن بەم شێوەیەیە :

1-شارۆچکەی پێنجوێن 7494 کەس

2-گوندنشینەکانی ناحیەی ناوەند 13059کەس

3-شارۆچکەی (ناحیە)ی گەرمك 368 کەس

4-گوندنشینەکانی ناحیەی گەرمك 14104

کە کۆی گشتی دانیشتوانی قەزای پێنجوێن بریتیە لە(34025)کەس کەلە6320 خێزان پیکهاتون . هەرچەندە لە سەرژمێری ئەو ساڵەدا ناڵپارێز هێشتا نەکراوەتە ناحیەو وەك گوندێکی سەر بە ناحیەی ناوەند هەژمارکراوە. بەهۆی هەڵگیرساندنی شەڕی عێراق–ئێران لە ساڵی 1980ز دا ناوچەی پێنجوێن بوە یەکێك لە ناوچە شەڕگەکان و چۆڵکراو بە هۆیشیەوە ناوچەکە لە سەرژمێری ساڵی 1987 بێبەش بوە و نەتوانراوە ئامارێکی ڕاستر لەوەی ساڵی 1977 دەست بکەوێت. وەبە پێی سەرژمێری و ئاماری بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی لەساڵی 2004داژمارەی دانیشتوانی قەزای پێنجوێن بریتیە لە(44506)کەسەو ژمارەی خێزانەکانیشی 8527خێزانە.

**هەروەها بەپێ ی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی لەساڵی 2005دابریتیە لە( 43071 )کەس، وە بەپێی دوایین ئامار کە لەلایەن تیمی مەیدانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی (بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەو زانیارییەکان) لەمانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 2007داژمارەی دانیشستوانی سنوری قەزای پێنجوێن بریتیە لە( 38271 )کەس کەلە( 6378 )خێزان پێکهاتوەو بەپێ ئەم ئامارەش ژمارەی دانیشتوانی سنوری قەزای پێنجوێن بە بەراورد بەساڵی 2004و2005 ڕووی لەکەمی کردوە کەهۆکاری سەرەکی ئەم کەمبونەش دەگەڕێتەوە بۆ چۆڵبوونی بەشێکی زۆری گوندەکانی سنورەکە بەهۆی کەمی ئەنجامدانی پرۆژەکانی خزمەتگوزارییەوە بوە.**

**ئەوەی پێویستە بوترێت لە ئێستادا بەپێی دوایین ئامار لەساڵی 2009 دا ژمارەی دانیشتوانی مەڵبەندی قەزای پێنجوێن پێك هاتووە لە ( 5394 ) خێزان و وە ( 24270 ) هاوڵاتی .**

## پێنجوێن لە ڕووی ئابوورییەوە

**پێنجوێن ناوچەیەکە کە دەتوانرێت لە ڕووی ئابوورییەوە سودێکی ئێجگار زۆری لێ وەربگیرێت و ببێتە پاڵپشتێکی بەهێزی حکومەت و ناوچەکەش لەو ڕووەوە کە بە داخەوە تا هەنوکەش نەتوانراوە کەمترین سوود لەو هەموو سامانە سروشتی و کانزاییانە وەربگیرێت کە لە ناوچەکەدا بوونیان هەیە، لێرەدا چەندلایەنێکی گرنگی ئابوری ناوچەکە دەخەینە ڕوو کە نەتوانراوە بچوکترین سوودییان لێوەربگیرێت .**

**1-بەپێ ی نەخشەی دابەشبوونی سامانە کانزاییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناوچەی پێنجوێن زیاتر لە 13جۆر سامانی کانزایی گرنگی تێدایە وەك( ئاڵتون، یۆرانیۆم، ئاسن، مس، گۆگرد، مەنگەنیز، کرۆم، خەڵوزو چەندین جۆر بەردی مەڕمەڕی گرانبەها کە نەتوانراوە بچوکترین سودیان لێوەربگیرێت هەرچەندە لە ساڵانی زودا حکومەتی عێراق بەردی ناوچەکەی دەبرد بۆ شاری بەسرە کە دوورترین شاری عێراقە لە ناوچەکەوە بەڵام نەحکومەتی هەرێم و نەهیچ کۆمپانیایەك ئاوڕییان لە بەردی ناوچەکە نەداوەتەوە کە بڕیاربوو لەناوەڕاستی ساڵی 2006داکۆمپانیای( یو، ئای ) کۆری کارگەیەکی ئاسن لە ناوچەکە دروست بکەن و لەساڵی 2007 یشدا چەند کۆمپانیایەکی ئەمریکی هاتنە ناوچەکە چەند جۆرە بەردێکیان لەگەڵ خۆیاندا برد بە مەبەستی پشکنینی کەچی تائێستاش هەوڵی ئەوکۆمپانیایانەش بێ ئەنجام بوە.**

**2-ناوچەکە خاوەنی دارستانێکی ئێجگار زۆری سروشتییە کە دەتوانرێت بە مەبەستی پیشەسازی جۆراوجۆر بەکاربهێنرێت بەڵام نەتوانراوە لەمڕوەشەوە سودی لێوەربگیرێت.**

**3-بونی تۆپۆگرافیا( بەرزی و نزمی ) لە ناوچەکەو ئاوی زۆرو دارستانی چڕ هۆکارێکی زۆرباشە تاکو بتوانرێت لە ڕووی گەشت و گوزارو دروستکردنی هاوینە هەواری گەورە و شیاوو گرنگی زیاتر بە ناوچەکە بدرێت کە چەندین ناوچەی وەکو (بلکیان و چوارباخ وسێچاکان و گۆڵی و زەنگیدەرو شێخەڵوان و قورەڕەشە ) چەندین شوێنی تری تێدایە کە ئەمانە دەتوانرێت بە کەمترین تێچون بکرێنە ناوچەیەکی گەشتیاری گرنگ و لەڕووی ئابوورییەوە حکومەت و ناوچەکەش لیّ ی سوودمەندبن.**

**4-بەهۆی هاوسنوری لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران و کردنەوەی مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ وایکردوە کە ناوچەکە لەڕووی ئابووریەوە ببێتە پاڵپشتێکی باشی حکومەتی هەرێمی کوردستان و گوزەرکردنی ئەو هاوڵاتیانەی کە دەچنە دەرەوەی هەرێم و بە پێچەوانەشەوە، وەجگە لەمەرزی باشماخ کە ڕەسمی و نێودەوڵەتیە چەندین مەرزی لاوەکیش لە ناوچەکەدا بوونیان هەیە کە لێوەی کاڵاو شمەك دەهێنرێتە کوردستان و بە پێچەوا نەشەوە وەك مەرزەکانی (گۆخڵان ومیشیاو و وشیاری و سەیرانبەن و بناوەسوتە ) و چەندشوێنێکی تریش کە ڕۆژانە خەڵکانێکی زۆر سەرقاڵی کارکردنن تێیدا.**

**5-هەرچەندە ناوچەی پێنجوێن زیاتر بە ناوچەیەکی شاخاوی ناسراوەو سروشتەکەی وایە بەڵام چەندین زەوی بەپیت و بەرەکەتیشی تێدایە کە ساڵانە سەدان و بگرە هەزاران تەن بەرهەمیەتی وەك دەشتەکانی (برایماوا. کرمانج، چەمی سوراو و ناوچەی چەوتان) کە تەنها بەرهەمی تەماتە لە سنوری پێنجوێندا لەمساڵدا زیاترلە (10000) هەزارتەن بوە ئەمە جگە لە بەروبومەکانی تری وەك شوتی و خەیارو چەڵتوك و...هتد...بەڵام بە بەراورد بە ناوچەکانی تری کوردستان کەمترین پرۆژەی ئاودێری وخزمەتگوزاری کشتوکاڵی پێشکەش بەجوتیارانی ناوچەکە کراوە. یاخود نەتوانراوە تائێستاش نەکەرتی تایبەت و نەحکومەتیش کارگەیەك بۆ ساغکردنەوەی ئەو بەروبومانە دابنرێت وەك کارگەیەکی دروستکردنی دۆشاوی تەماتە.**

**6-ناوچەکە جگە لەو بەروبومانەی کە دەستکردن و لەلایەن هاوڵاتیانەوە بەرهەم دەهێنرێت چەندین جۆر بەرهەمی خۆڕسکیشی تێدایە وەك قەزوان وترش وسالـمەو کنگر بەگشتی وبنێشت بە تایبەتی کە پێنجوێن یەکێکە لەو ناوچانەی پیّ ی بەناوبانگە بەڵام بەهۆی کەمتەرخەمی هاوڵاتیان لەلایەك و هاننەدانی حکومەت لەلایەکی ترەوە وایکردوە بەپیّ پێویست سوود لەم بەروبومانە وەرنەگیرێت .**

**7-لە سنوری قەزای پێنجوێن دانزیکەی 70 گوند هەنگەڵانی تێدایە کە ژمارەیان 700 هەنگەڵان دەبێت وساڵانە ئەگەر نەخۆشی ڕوویان تێنەکات ئەوانزیکەی 20 تەن هەنگوین بەرهەم دەهێنرێت لێوەی، بۆیە ئەگەر لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە هاوکاری زیاتربکرێن ئەوا**

**بەدڵنیاییەوە دەتوانرێت ساڵانە زۆر لەو ڕێژەیە زیاتر بەرهەم بهێنرێت چونکە سنوری قەزای پێنجوێن ناوچەیەکی گونجاو و لەبارە بۆ بەرهەم هێنانی هەنگوین.**

**8-ئە ەر هاوکارییەکی باشی ئاژەڵدارەکانی سنوری پێنجوێن بکرێت ئەوا زۆر لە ئێستا زیاتر ئاژەڵیان دەبێت بە هەموو جۆرەکانییەوە وەك (مەڕ، بزن، مانگا) وهتد... ئەویش بە هۆی هەبونی گژوگیایەکی زۆر بۆ لەوەڕاندنی ئەو ئاژەڵانەو بونی ڕێژەیەکی باشی ئاویش لە ناوچەکەدا کە ئەمەش وایکردوە کەساڵانە دەیان ئاژەڵدار بە هەزاران ئاژەڵ بهێننە ناوچەکە بەهۆی نەبوونی گژوگیاو و ئاوی پێویست لە ناوچەکانی خۆیاندا وەك گەرمیان و شارەزوور.**

*سوودلەم سەرچاوانە وەرگیراوە

–سلێمانی ناوچەیەك لەکوردستان .....مێجەرسۆن......وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە محەمەد ئەمین حسین (مینە)

–گەشتی ڕیچ بۆ کوردستان ساڵی 1820.................نوسینی کلۆدیۆس جیمس ڕیچ

–هەنگاوێك بەرەوپرۆسەی وەبەرهێنان لە شارۆچکەی پێنجوێن ............

ئامادەکردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی (لێکۆڵینەوەوزانیارییەکان)

–مێژووی پێنجوێن وناوچەکە.....................نوسینی/عەبدولڕەحمان لالۆپێنجوێنی

–چەندنوسینێك لەگۆڤارەکانی (هەوێن، خوێندکاری نوێ ) وڕۆژنامەکانی (ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، نێوەند، هاوڵاتی. ئالای ئازادی..هتد).

تێبینی: ئەم بابەتە لەڕۆژنامەی (لاوزەند) ژمارە(14)ی سالی 2009 بڵاوکراوەتەوە. هەروەها لە ماڵپەری بینجوینیش دووبارە بڵاوکراوەتەوە:

## جولەکەکانی پێنجوێن
## مێژووی بوون و پەیوەندی و هەڵوێست
نووسینی: عبدالرحمن علی

دروست بوونی پەیوەندی نێوان تاکەکان لە کۆمەڵگاکانی ئەم دونیا بەرینەدا بۆ ساتەکانی سەرەتای دروست بوونی ژیان دەگەڕێتەوە ، پێکەوە ژیانی مرۆڤیش لە سەرەتاکانی هاتنە نێو دونیای مرۆڤەوە سەری هەڵداوە بێ ئەوەی هیچ کۆت و بەندێك هەبێت بۆ دروست بونی پەیوەندییەکان و ئاشنابوونی مرۆڤەکان بەیەکتر .زەرورەت و پێویست بوونی ڕۆژگاریش بەو پەیوەندیە تاکی و کۆمەلآیەتیانە هۆکارێکی سەرەکی تر بوون بۆ ئەو پەیوەندیانە بێ ئەوەی هیچ لەمپەرێك لەبەردەم ئەو پەیوەندیە بەهێزانە هەر لە ژن و ژنخوازی تادەگاتە ئەوپەیوەندیە دۆستانەو سادەو ساکارانەی ئەودەمەی ژیانی ئاسایی پێیدا تێپەڕیوە .

لێرەدا دەمانەوێت باسی پەیوەندی نێوان خەڵکانی شارێك یان ناوچەیەك بکەین کە جیاوازی مەزهەب و ئایین تێیدا نەبووەتە هۆکارێك یان کێشەیەك بۆ دابڕانیان لە یەکتریو دورە پەرێزیان وەك لە ڕۆژگاری ئەم ڕۆماندا زۆر بەئاشکرا ئەوجیاوازیو دابڕانە هەست پێدەکرێت و زۆریشە نەك کێشە بەڵکو شەڕو دووبەرەکیو کوشتنی تێدا سەرهەڵدەدات .

پێنجوێن ئەوشوێنەی کە بۆ زەمەنێکی دوورودرێژ جگە لە خەڵکی مسوڵمان خەڵکانێکی تریشی تێدا ژیاوە و وەکو ئەوان خاوەن ماف و ئازادی بیروڕاو موڵك و سەروەری بوون ئەوانیش ( جووەکان ) جوولەکە بوون تەنانەت یەکێك لەو بۆچوونانەی کە هەیە سەبارەت بە ناوی پێنجوێن بۆ ئەوەی دەگێڕنەوە کە پێنجوێن پێنج جوولەکە ئاوەدانیان کردبێتەوە و بوونیان لە ناوچەکە بۆ ئەو سەردەمە دەگێڕنەوە لەم شارەدا چەندین بنەماڵەی جوولەکەی تێدابوو کە ئازادانەو بێ هیچ جۆری سانسۆرێك لە لایەن مسوڵمانی ئەم شارە ژیانی خۆیان دەگوزەراند و وەك هەرتاکێکی مسوڵمان ئەوانیش خۆیان بەخەڵکی ئەم شارە زانیوە و خزمەتیشان کردووە, تەنانەت یەکێك لە گەڕەکەکانی شاری پێنجوێن بەناوی ( جوولەکان )ەوە ناونراوە ....ڕەنگە کەسانێکیش چەقۆ ئاسا لە بۆسەدا بووبێتن بۆ پچڕاندنی ئەو پەتەی کەببوە هۆکاری پێکەوە بەستنی ژیانی کۆمەلآیەتی و ئاشنابوونی خەڵکانی ئەم شارە .

بە داخەوە زۆرهەوڵمدا سەرچاوەی دیکۆمێنتی ئەو پەیوەندیانەی کە هەبووە لە نێوانی مسوڵمانان وجوولەکەکان بەدەست بخەم بەلآم بێ سوود بوو ...

بۆیە بۆ نووسین لەسەر بابەتگەلێکی لەم شێوەیە تەنها سەرچاوە دواندن و دیداری چەند کەسێکی بەتەمەن و خوێندەواری ئەم شارەیەو بەس , ئومێدەوارم کە دواتر کەسانی شارەزاترو بە ئەزموون تر بتوانن زیاتر تیشك بخەنە سەر پەیوەندی نێوان دانیشتوانی پێنجوێن بە گشتی و پەیوەندی هەردوو نەتەوەی کوردو جوولەکە .

## بونی جولەکە لە کوردستان و پێنجوێن:

هەموومان ئەو ڕاستیە دەزانین کە لە عێراقدا چەندین نەتەوە و مەزهەبی جیاجیای تێدایە و تا ئەمڕۆش پێکەوە دەژین و بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی نێوانیان باشە. بە پێی سەرژمێری ساڵ ی 1927 ژمارەی دانیشتوانی عێراق (2968054) دووملیۆن و نۆسەد وشەست هەزارو پە نجاو چوارکەسە، لەو ڕێژەیەش ملیۆنێك و688 هەزارو 239 کە سیان نێرن وملیۆنێك و692 هەزارو 294 کەسیان مێینەن . کە ئەم ڕێژەیەش سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبیەکانەی عێراق دەگرێتەوە. گەر ژمارەی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ وەربگرین کە مینۆرسکی دەڵێت : (بەشێوەیەکی سەرەکی کورد لە ویلایەتی موسڵدا نیشتەجێن، ئەویش ناوچەیەکی بەتەواوی کورد نشینە) بە پێی ڕا پۆرتەکانی بەریتانیا لەساڵی 1925 دا ڕێژەو ژمارەی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ بەم شێوەیە بوو : سەرجەم ویلایەتەکە (785468) کەسە لەوانە(424720) کوردو (185763) عەرەب و (65895)تورك و(62225)مەسیحی و(16865)جولەکەو (30000)یەزیدیش کە ئەمانیش هەر کوردن. گەر دیقەت بدەین نزیکەی 17000 جولەکە لە ویلایەتەکەدا بوونیان هەیە کە ئەمەش بۆ ئەو کاتە ڕێژەیکی زۆرە.

هەروەها لە سالآنی بیستەکانی سەدەدەی ڕابردودا دانیشتوانی شاری سلێمانی جگە لە موسوڵمانان 1050 جولەکەی تێدابوو لەگەڕەکێکی تاییەت بەخۆیان ،لەگەڵ هەبوونی دوو گازینۆی گەورەو بچوك کەتاییەت بوون بەخۆیان لە گەڕەکەکەیاندا .

بەشێوەیەکی گشتی هەبوونی جولەکە لەکوردستان و پێنجوێن بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە کەکاتێك (نەبوخەزنەسر) پادشای کلدانییەکان لە ناوەڕاستی سەدەی شەشەمی پێش زایینی کە ئەچێت شاری (ئورشەلیم)ی ئیسرائیلی ئێستا ئەگرێت(3000)سێ هەزار لە جولەکەکان بەدیل ئەگرێو ئەیهێنێ بۆ بابل و لەو سێ هەزار جولەکەیە (1000)جولەکەیان ئەنێرێ بۆ (ئیستیاگز)ی پادشای مادەکان ،ئەم هەزار جولەکەیە بە پاسەوانی سوپایەکی بابلییەکان بەهێلی (خەتی) ناوچەکانی گەرمیان و شارەزوورو پێنجوێن و مەریوان ئەنێرێت بۆ شاری (ئەگباتانا) (هەمەدانی) پایتەختی مادەکان .

ئەم هاتوچۆیەی جولەکەکان بەو ناوچەیەدا سەرەتایەك بوو بۆ هاتنی جولەکە بۆ کوردستان و پێنجوێن ،وە بونی جولەکەکان لەناوچەکە ئەو راستیە دەسەلمێنێت کە لە کۆنەوە بەشێوەیەکی بەرچاو لە هەردوو ولاتی ئێران و عیراقدا بونیان هەبووە .

هەروەها (کلود یوس جیمس ریچ) لەکتێبەکەیدا (گەشتی ریچ بۆ کوردستان 1820) کەلە 19ی ئابی ساڵی 1820 کە هاتووە بۆ پێنجوێن بۆ گوندی (ئەحمەد کلوان)ی کردۆتە شوێنی حەوانەوەی خۆی دەڵێ :.لە پێنجوێن دا هەندێك بنەماڵی جولەکە هەن، بازرگانێتی پێستەو مازو و شتی تردەکەن و پێستەیەکی زۆردەبەن بۆ (هەمەدان)و جولەکەکان لە پێنجوێن و کوردستاندا کاری زەڕەنگەریش دەکەن. پێنجوێن مەڵبەندیان بازاڕێکی خێڵ کۆچەرییەکان بووە، کاروان بە هەشت ڕۆژ لە هەمەدانەوە پێی دەگات و لەسنەشەوە بە چوار ڕۆژ. هەر لەو سەردانەیەدا کە چووەتە گوندی بیستان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت کە لەو سەردانەمدا بۆ گوندی بیستان بۆم دەرکەوت کە ژمارەی ماڵەکانی بیستان (40) ماڵەو لەو ڕێژەیەش (25) ماڵیان موسوڵمان بوون و (15) ماڵیشیان جولەکەبوون. کەئەمەش بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە بۆ هەبوونی جولەکە لە پێنجوێن و ناوچەکەدا .جولەکەکانی پێنجوێن لە چەندین ماڵ پێکهاتبوون کەڕەنگە نەتوانرێت ڕێژەیەکی ڕاست و دروستمان دەست بکەوێت، بەڕای ئەو کەسانەی کەلەو سەردەمەدا ژیاوون لەگەڵیاندا ژمارەیان بە 35 بۆ 45 بنەماڵە ئەژمار دەکرێت، کە ئەمەش ناوی هەندێك لەو بنەماڵە جولەکانەی پێنجوێنە .

1*دانا 2*بابەشا 3*داوید 4*ساسۆن 5*حەبیە 6*ئەوڕام 7*نوونە 8*شالوم

9*مالوم (پیاوی ئایینی جولەکەکان بوو لە پێنجوێن وەکو مامۆستای ئایینی لای خۆمان)

10*یاقولە 11*عزیز(عەزە درێژ) 12*عەزریا ((یەکێك لە پیاوە بەتەمەنەکانی پێنجوێن کەبەداخەوە کۆچی دوایی کردووەو هاوڕێی ئەم عەزریایە بووە دەیووت کوڕێکی عەزریا کەناوی (بنیامین)ە ماوەیەك وەزیری بەرگری ئیسرائیل بووە واتا (بنیامین عەزریا).

13*یوسولە یەکێك لەکوڕەکانی کەناوی (یعقوب)ە ژنێکی جولەکەیی هەڵەبجەیی هێنا بەناوی (نەجیبە) هەروەها چەندین بنەماڵەی تریش هەبوون لە پێنجوێن داو سەرجەم ماڵە جولەکەکانی لەگەڕەکێکی تایبەت بەخۆیان دەژیان تەنها چەند ماڵێکی کەمیان نەبێت کەکەوتبوونە گەڕەکی (بەری کەناو)

### شێوازی پەیوەندی نێوان موسوڵمان و جوەکان لە پێنجوێن :.

هەروەك لە پێشدا ئاماژەمان بۆ کرد کەچەند بنەماڵیەکی جولەکە هەبوون لە پێنجوێندا، جولەکەکان زمانی ئاخافتنیان عیبریو کوردی بوو، زۆر بەئازادانە گفتوگۆیان پێ دەکرد. خاوەن کتێبی تایبەت بەخۆیان بوون و دینداری خۆیان کردووە لەکاتی نوێژکردندا ڕویان لە قودس دەکرد،

بێ ئەوەی لەلایەن موسوڵمانەکانەوە توشی هیچ جۆرە کێشەیەك بن، ئەمە جگە لەوەی کە گۆڕستانی تایبەتیان هەبوو کەدەکەوتە ئەولای مەزاری پیر یونسەوە کە هەر مردویەکیان لێ بمردایە ئەوا لەو گۆڕستانە بەخاکیان دەسپارد ، هەرچەند ئێستا ئاسەواری گۆڕستانەکان نەماوە بوونی پەیوەندی نێوان موسوڵمان و جولەکەکانی پێنجوێن پەیوەندییەکی تارادەیەك باش بوو ،تەنانەت چەند کەسێکیان پێکەوە لەگەڵ هەندێك لە موسوڵمانەکاندا لە کارو پیشەی بازرگانی ڕۆژانەدا پێکەوە کارو کاسپیان دەکرد واتە شەریکە کاربوون ، جیاوازی ئاین هیچ ڕێگرییەکی لەبەردەم ئەو پەیوەندیەو هاوپشکیەدا دروست نەکردبوو، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەئیتر هیچ گرفت و کۆسپێك نەبوبێت لەنێوان موسوڵمان و جودا چونکە هەندێ جار لەلایەن کۆمەڵێك لە موسوڵمانەکانەوە کەتەنها لەڕوی دینیەوە سەیری جوەکانیان دەکرد بەچاوی ڕێزەوە سەیر نەدەکران و زۆر جار بەووتەی ناشایستە بریندار دەکران ،هەرچەندە جوەکان لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانەدا کەمتر پەیوەندیان پێکەوە هەبوو .جوەکان زیاتر کەسانی دەوڵەمەندبوون و بەکاری زەڕەنگەری و عەتاری و بەزازی و هتد خەریك بوون تەنها کەسێکیان تێدا بوو کەکارەکەی پینەچێتی بوو دووکانەکانیان بەشێکیان کەوتبونە ناو قەیسەری ( شێخ مەحمود ) و بەشەکەی تریشیان لەناو بازاڕدا بوون. هەندێکیان بازرگانی گەورە بوون و تەنها کاری بازرگانێتیان( تیجارەتیان )دەکرد لەوانە "ساسۆن ،حەبیە ،ئەوڕام" وەزیاتر کارەکانیان لەگەڵ موسوڵمانەکاندا بوو. خەڵکی هەژارو دەست کورتیان کەم بوو گەر هەشبوایە ئەوا ڕێگەیان پێنەدەدا داوای هاوکاری لەخەڵك بکات یاخود دەست لەخەڵك پان بکاتەوە ، بەڵکو جوەکان لەنێوان خۆیاندا سندوقێکیان دانابوو پارەیان تێدەکرد بۆ کاتی تەنگانەو پێدانی بەکەسانی دەست کورت و نەداری خۆیان، هەروەك چۆن لەئێستادا لەنێوان زۆر بنەماڵەو گوندو عەشیرەتەکانی لای خۆمان هەمان شێواز ڕەچاو دەکەن. لێبوردەیی یەکێك بوو لەخەسڵەتەکانی جوەکان کەبەو لێبوردەییەیان زیاتر خۆیان دوردەخستەوە لە کێشەو ململانێ و ناکۆکی لابەلا لەنێوان بازاڕو گەڕەکەکاندا ، نمونەش بۆ ئەم ڕاستیە زۆرە بەڵام مشتێك نمونەی خەرواریکە .یوسولە کە پیاوێکی جوەو کۆمەڵێك منداڵی هەبوو یەکێك لەمنداڵکانی کچ بوو لەگەڕەکدا سەری دەشکێت لەلایەن کوڕی پیاوێکی موسوڵمانەوە ،کاتێك پیاوە موسوڵمانەکە بەمە دەزانێ زۆر پێی ناخۆش دەبێت و دەیەوێت لەکوڕەکەی بدات ،بەڵام یوسولە کەبەمە دەزانێت دەچێتە لای باوکی کوڕەکە و تکای لێدەکات کە بەهیچ شێوەیەك ڕازی نی یە لەسەر ئەوەی سەری کچەکەی شکاندووە لەمناڵەکەی بدات و ئەو جۆرە حاڵەتانە زۆر ئاسایی وەردەگرێت و وە بەباوکی مناڵەکە دەڵێت ئێمە ئاوماڵ و دراوسێی یەکین پێویستە یەکترمان خۆش بوێت و کاری لەو شێوە دورمان نەخاتەوە لە یەکتر، سەبارەت بەژن و ژن خوازی دروستکردنی خزمایەتی لەنێوان موسوڵمان و جوەکاندا ئەوا هیچ حاڵەتێکی لەو شێوەیە بوونی نی یە ،چونکە لەڕووی بیرو باوەڕی ئاینیەوە ڕێ بەو کارە نەدراوەو هەردوولایان پەیوەست بوون بەبنەما ئاینیەکانی خۆیان، کەجویەك

موسوڵمان بوایە جگە لەوەی بەنوێ موسوڵمان ناوی دەبرا بەچاوێکی پڕ لەرێزەوە سەیر دەکرا ئەوکاتە پەیوەندی ژن و ژنخوازی ئاسایی دەبویەو کاری لەو شێوەیەش کراواوە ،جارێکیان ئافرەتێکی جولەکە کەناوی "گورجی" بوو دڵی بە پیاوێکی موسوڵمانەوەیەو حەزی لێیەتی کەناوی "قادر"ەو ناسراوە بە"قادری ساوەر" ،بەڵام کەس و کاری گورجی رێگر دەبن لەم کارەی، لەبەرئەوەی گورجی خۆی زۆر حەزی لەقادرەو دەیەوێت هەر بۆ ئەوبێت ،تەنها رێگەیەکیش کە کاروکەی بۆ ئاسان بکات ئەوەیە کەببێت بەموسوڵمان. بۆیە گورجی بەناوی ئاو هێنانەوە گۆزەیەك هەڵدەگرێت و دەچێت بۆ کانی بەلاّم لەرێگادا خۆی دەکات بەماڵی (قازی) پێنجوێن داو داوای لێدەکات کەلەسەردەستی ئەودا دەیەوێت ببێت بەموسوڵمان، دواتر شو بە قادر ساوەر بکات کە خەڵکی سلێمانی بوو لە پێنجوێن خەریکی کارو کەسابەت بوو ،بەم شێوەیە کاریان مەیسەربوو زەماوەندیان گێڕاو لەزەماوەندەکەدا هەموو جۆرە خواردنێك دروست کرا،بەلاّم سەیر لەوەدابوو بوکەکە کەگورجی بوو ووتی من لەهیچ کام لەم جۆرە خواردنانە ناخۆم بەڵکو حەزم لەساوەرە وەدەبێت تەنها ساوەریش بخۆم ئەویش لەبەرئەوەنە کەساوەر خواردنێکی خۆشە بەڵکو لەخۆشەویستیمە بۆ قادر چونکە نازناوەکەی "قادری ساوەرە" هەرچەند کەس و کاری گورجی بەم شێوە شوکردن و موسوڵمان بوونەی ڕازی نەبوون بەلاّم هیچمان بۆ نەکراو دواتر لێگەڕان. سەبارەت بەخوێندنی جوەکان لە پێنجوێن ئەوانیش وەك هەرکەسێکی ئاسایی تری ئەم شارە مافی خوێندن و نوسینیان هەبوو ،لەگەڵ کردنەوەی یەکەمین قوتابخانە لە پێنجوێن لەسەرەتای ساڵانی سی یەکانی سەدەی ڕابردوو منداڵانی جولەکەش لەو قەتابخانەیە داخڵ کران (وەرگیران) هاوشانی منداڵانی موسوڵمانەکان نمونەی ئەو قوتابیە جولەکانەش "سەلمان ،ئەلیاو ،فرایم کەکوڕی مالومی جولەکەکان بوو ،هەروەها لەنێو مامۆستایانی قوتابخانەی پێنجوێن ،مامۆستای جولەکەی تێدابوو .

لە ساڵی 1943ز مامۆستایان و قوتابیانی گوندی نزارە بانگێشتێکیان لەسەر حسابی"خەرج"شێخ حەمە سەعیدی نزارە رێکخست بۆ مامۆستایان و قوتابیانی قوتابخانەی پێنجوێنی سەرەتایی کەبچن بۆ گوندی نزارە ، لەوێ هەموو جۆرە خواردنێکیان بۆ دروست کردبوون کە جگە لە گۆشتی مەڕو بزن گۆشتی کەویشیان بۆ ئامادە کردبوون کە ئەوسا ئەم جۆرە گۆشتانە بۆخەڵکی خۆشەویست دادەنرا ،ئەوەی کەجێی نیگەرانی بوو بەلای مامۆستایان و قوتابیان و خەڵکیشەوە ئەوەبوو کە مامۆستا جولەکەکان لە پێنجوێنەوە چوبوون بۆ نزارە لەو خواردنەیان نەخوارد لەبەرئەوەی بەدەستی موسوڵمانەکان دروست کرابوو، بۆیە داوای هێلکەیان کردو خۆیان هێلکەکەیان کولاّندو دواتر خواردیان. بەشێوەیەکی گشتی لەنێو جوەکانی کوردستان و پێنجوێنیش دا کەسانی خاوەن بڕوانامەو خوێوێندەواری باشیان تێدابوو هەرلەدکتۆرو مامۆستاو هتد..... .

لەناوەڕاستی سالآنی چلەکاندا دکتۆرێکی جولەکە لە قەرەداغەوە بەشێوەی گواستنەوە ( نقل ) هاتە پێنجوێن بۆخزمەت کردن و ماوەیەك لەکارەکەی بەردەوام بوو .

**جولەکەکان و هەڵوێستی سیاسیان بەرامبەر بە کورد :.**

ڕەنگە زورجار ئەو پرسیارە بەمێشکماندا هاتبێت و بڵێین ئایا جولەکەکان کە زەمەنێکی دورودرێژ لەم وولآتە ژیانیان بەسەربردووە و سوودیان لە ئاوو خاکی ئەم وولآتە بینیوە ، تاچەند لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا هەڵوێستیان هاوتەریبی بەرژەوەندییەکانی کورد بووە؟ یان دوای نەمان و ڕۆیشتنیان هیچ وەفایەکیان بەرامبەر بە پێنجوێن و دانیشتوانەکەی هەبووە چ لەدوور یا لەنزیك؟ بۆ وەلآمی ئەم پرسیارە دەتوانین کاتی شۆڕشەکەی شێخ مەحمودی نەمر بە نمونە بهێنینەوە ،یەکێك لەچەکدارەکانی شێخ مەحمود کەخەڵکی پێنجوێنەو ناوی (مەحمودی سەمەنە ) دەڵێ کاتێ شێخ مەحمود لە پێنجوێن بوو من یەکێك بووم لەچەکدارەکانی و کە پێکەوە بووین کاتێکم زانی کۆمەڵێك لە پیاو ماقولآنی جولەکە هاتنەلای شێخی نەمرو ووتیان : ئیمە بەنوێنەرایەتی جولەکەکانی پێنجوێن هاتوینەتە سەردانت تاکوبۆتی ڕوون بکەینەوە کەئێمەش خۆمان بەکورد دەزانین و هەمیشەو لەهەموو ساتێکدا هاوکاریتان دەکەین بەدابینکردنی چەك و پارەو ئازوخە تەنها چەکداری نەبێت، بەلآم داواکارین لێت کەچەکدارەکانت ئاگاداربکەیتەوە بۆ پارێزگاریکردنی سەرو ماڵمان و نەهێڵن هیچ کەسێك دەست درێژیمان بکاتە سەر، شێخی نەمر لەوەلآمی جولەکەکاندا ووتی بەڕێزان ئێمە هەمیشە ئامادەین بۆ پاراستنتان هەرچەند لەئاینیشدا جیاوازین ،بەلآم لەڕووی مرۆڤایەتیەوە خۆمان بەدڵسۆزی ئێوە دەزانین ،لەبەر ئەوە بڕیار دەردەکەم بۆ چەکدارەکانم کەبەباشترین شێواز هەڵسوکەتان لەگەڵدا بکەن و هیچ پێویستی بەم ئەرکە نەدەکرد کەکێشاوتانە .

سەبارەت بە وەفاداریشیان ڕەنگە کەم تا زۆرێك و دوورو نزیك پەیوەندی هەبووبێت لەنێوان خۆیان و هەندێ لەکەس و هاوڕێ نزیکەکانیان بەلآم وەك پێویست نەبوون .

خوالێخۆشبوو (کەریمی مەحمودی ڤاوەچی ) کە خەڵکی پێنجوێنەو لەخزمەتی سەربازیدا دەبێت لای هاوڕێیەکی خۆی ئەم ڤسانەی گێڕابویەوە، دوای گەڕانەوەی جوەکان بۆ ئیسرائیل بەماوەیەك ئەوکات کەمن لەخزمەتی سەربازیدابووم ، حکومەت بۆ شارەزایی زیاترو بەهێزبوونمان چەندین کەسی لێ ناردین بۆ وولآتی ( فەرەنسا )تاکو خولی بەهێزکردن ببینین وەدواتر بگەڕێینەوە بۆ عیراق ، ڕۆژێکیان لەگەڵ چەند هاوڕێیەکمدا کەپێکەوە بووین چوین بۆ گازینۆیەك لەشاری ( پاریس )ی پایتەختی فەرەنساو چیمان ویست خواردمانەوەو لەوەدابوو هەستین کاتێکم زانی کابرای شاگرد گازینۆ هات و پێی ووتم پارەکانتان دراوەو چیتریش دەخۆن بخۆن ، منیش پێم سەیربوو ووتم بڵێی

لەشارێکی وەك پاریس دا کەسێك هەبێت و بم ناسێت ، کاتێکم زانی کەسێك هات و زۆر گەرم و گوڕانە چاکوچۆنی کردم و باوەشی پێداکردم کەدواتر بۆم دەرکەوت ئەوکاتە زانیم کەئەمە کەسێکی جولەکەیەو سالأنێکی زۆر لە پێنجوێن ژیاوەو ئێستا لە پاریسە ئەوکەسەش کەناوی ( ئەلیاو )بوو کوڕی ( ساسۆن )بوو کەیەکێك بوو لە پیاوە دەوڵەمەندەکانی پێنجوێن ،دواتر کەوتینە قسەو باسکردن لەسەردەمی کۆنی پێنجوێن و هەواڵ پرسینی هاوڕێ قوتابییەکانی کاتی خۆی کە پێکەوە بووین ،جارێکیش ( مناحم بیگن )کەچەند ساڵێك سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل بووە لەڕۆژێکی جەژنی نەورۆزدا سەردانی کوردە جولەکەکانی ئیسرائیلی کردووەو پیرۆز بایی جەژنی نەورۆزیان لێ دەکات و شادومانی خۆی دەردەبڕێت کەلەجەژنی نەورۆزدا پێکەوە لەگەڵ کوردە جولەکەکاندا ئەم جەژنە دێرینە دەگێڕن.

ئەمانە هەندێ هەڵوێست بوون کەباسکران، بەلأم ڕەنگە ئەم هەڵوێستانە بەقەدەر ئەوە نەبوبێتن کەجێی خۆشحاڵی کورد بن ،بەتایبەت لەئێستادا کەجولەکەکان خاوەنی دەوڵەتێکی وەکو ئیسرائیلن کەقورساییەکی زۆریان لەناوچەکەدا هەیەو دەتوانن ڕۆڵی کاریگەر ببینن بەرامبەر کورد ،بەداخەوە زۆر بەکەمی باسی کوردو خاکی کوردستان و ئەوشۆڕش و ڕا پەڕین و سەرکەوتنانەی کوردیان کردووە کەبەدەستیان هێناوە .بەگشتی هەڵوێستی سیاسیان لەبەرامبەر کورد دەتوانرێت بەهەڵوێستێکی مت و بێدەنگ ناوزەندە بکرێت .

**گەڕانەوەی جولەکەکان لە پێنجوێن و کوردستانەوە بۆ ئیسرائیل :.**

سەرەتا پێویستە ئەوڕاستیانە بزانین هەڵبژاردنی هەرشوێنێکی تر جگە لەفەلەستین نەیدەتوانی ئەوهەستە لای جوەکانی سەرتاسەری جیهان دروست بکات لەبەر دووهۆکار ،یەکەمیان هۆی ئاینی بوو کە فەلەستین خاکی بەڵێن پێدراوبوو لەلایەن خواوە ،دووەمیان هۆکاری مێژوویی بوو چونکە شوێنی یەکەمین قەوارەی ئیسرائیلی بوو لەمێژوودا ،ئەمە جگە لەبوونی ڕێژەیەکی بەرچاوی جوو لەفەلەستین ،ئەگینا یەکێك لەوشوێنانەی کەبیری لێدەکرایەوە و باسی لیوە دەکرا کەدەوڵتێکی جولەکەی تێدا دا بمەزرێت عیراق بوو .

لەگەڵ دەرچوونی بەڵێن نامەی ( بەلفۆر ) بۆدروست کردنی دەوڵەتێك بۆ جولەکە لەسەرخاکی فەلەستین ،ئیتر لەوێوە جولەکەکان کەدابەش ببون بەسەر دەوڵتە جیاوازەکاندا لەوە ئاگادارکرانەوە تاکو کۆچ بکەن بۆ ئەوناوچانەی کە فەلەستین خۆیان دیارییان کردووە و بەنیازی دامەزراندنی جولەکەن تێدا ،دەکرێت ئەمە بەسەرەتایەك دابنرێت بۆ کۆکردنەوەو نزیك بوونەوەی ئەو جولەکانەی کەدەستە دەستەو کۆمەڵ کۆمەڵ لەشوێنە جیاکاندا نیشتەجێ بوبوون و سەرقاڵی ڕاگوزەرکردنی ژیانی خۆیان بوون ،لێرە بەدواوە مقۆ مقۆی نێوان جولەکەکان دەستی پێکرد سەبارەت بە دامەزراندنی ئەودەوڵەتەو گەڕانەوەیان بۆئەو ناوچانەی کەلەبەڵێنەکەی بەلفۆڕدا ئاماژەیان بۆ

**کراوە .ئیتر لەم کاتەوە جولەکەکانی دانیشتووی پێنجوێنیش هەموو ڕۆژانی شەممانێك کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیان دەکرد بۆ ئەومەبەستە لەدەشتی بەرباخ کەزۆر جار وایان نیشان دەدا کەدەچن بۆ گەڕان وسەیران بەلاَم کۆبونەوەی تایبەتییان دەکرد سەبارەت بەبارو دۆخی خۆیان تاکو ئەمانیش بتوانن ببنە پاڵپشتێکی بەهێزو ڕۆڵی کاریگەریان هەبێت لەبنیاتنان و دروستکردنی ئەو دەوڵەتە کە ئێستا پێی دەوترێت ئیسرائیل تاکو ئێستاش بەهەمیشەیی لەشەڕو پێکداداندان لەگەڵ گەل و هاونیشتیمانیانی فەلەستینی خاوەن خاك و ئاو .**

**لە بەرواری** 1948/5/15-14 **(بن گریۆن) بەناوی (ئەنجومەنی گەلەوە)بەشێوەیەکی فەرمی دەوڵەتی ئیسرائیلی ڕاگەیاند .**

**جوەکانیش کە بڕیاریان دا کۆچ بکەن بۆ فەلەستین بە یازدە قۆناغ کۆچیان کرد کەقۆناغەکان کۆچکردنی جوەکانی کوردستان و پێنجوێن لەقۆناغی شەشەمدا دەستی پێکرد لەساڵی** 1948 **تا** 1951 **ی خایاند، سەرجەم جوەکان ئاگادارکرانەوە کە کەدەست بکەن بەکۆچکردن بۆ وولاَتی ئیسرائیل کەچەند مانگێك بەسەر دامەزراننیدا تێپەڕی بوو .**

**لەم قۆناغەدا(**33**) سی و سێ هەزار جولەکە ڕویان لەئیسرائیل کرد کەبەشێکی زۆری ئەو جولەکانە لەولاَتە عەرەبیەکان و کوردستانەوە کۆچیان کرد لەوانەش جوەکانی پێنجوێنی تێدابوو .بەم شێوەیە کۆتایی بەژیانی جوەکان هات لەکوردستان و پێنجوێن دا .**

**سەرچاوەکان:.**

*گەشتی ڕیچ بۆ کوردستان ساڵی 1820 :......کلود یوس جیمس ڕیچ .

*ڕۆژنامەگەری کوردی لەعیراق دا :.......فاروق عەلی عومەر.

*ڕۆژنامەی بەرگری ژمارە(108) ئازاری 2007 نوسینێکی کاك ئەحمەدی حەمە بچکۆل پێنجوێنی.

*سوودم لەم زانیاری و ووتەی ئەم بەڕێزانە وەرگرتووە کەخەڵکی پێنجوێنن .

*(مامۆستا کەیوان ئازاد ئەنوەر ،مامۆستا مەحمودی حاجی عەزیز ،حەمەئەمین حاجی ئیسماعیل ،عومەری دەروێش عەبدولاَ ،خوالێخۆش بوو (عەزیز محمەد ئەمین)) .

تێبینی :ئەم نوسینە لەگۆڤاری هەوێن ژمارە(4)یساڵی 2007بلاَوکراوەتەوەوکەلەپێنجوێن دەردەچوو,هەروەها لەسایتی جودی نیوزوپێنجوێن نێتیش بلاوکراوەتەوە

( ڕا پەڕینی ( 19 )ی تەمموزی( 1980 )ی پێنجوێن کوانویەك بۆ بڵێسەی ڕا پەڕینەکان )

دەسپێك: پەیرەوکردنی سیستمی دیکتاتۆری لە لایەن هەرکەس و دەوڵەتێکەوەو کپ کردنەوەی دەنگەکان، بەدوای خۆیدا بێزاری و توڕەیی و ناڕەزایی خەڵکی لێدەکەوێتەوە و زۆر جاریش هەستیارو هەست بزوێن دەبێتە گۆڕینی ئەو بێزاری وناڕەزاییە بەڕا پەڕین وتۆڵەسەندنەوە . هەمووەمان ئەوراستیە مێژووییە باش دەزانین کەرژێمی بەعس لەماوەی دەیان ساڵی فەرمانڕەوایەتییدا لە بەڕێوەبردنی وڵات سیستمی دیکتاتۆری پەیڕەو دەکرد هەرچەندە لێرەولەوێ لەڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بەهەموو جۆرەکانییەوە ( بینراو _ بیستراو _ نوسراو )ە وە خۆی وانیشان دەدا کە ئێمە (واتە بەعس) سیستمی دیموکراتی لە کاروبارەکان و بەڕێوەبردنی وڵاتدا پەیڕەو وجێ بەجێ دەکەین و ئەوەی ئێمە لێوەی دورین دیکتاتۆریەت وپێشێل کردنی مافی گەلانە، بەلام مەگەرکەسێك لەم وڵاتە نەژیابێت و دوور و نزیك ئاگاداری ئەو بێ سەروبەری و دەردەسەری وژیانە تاڵ و پڕ لەترس و تۆقاندن نەبێت کە لەژێرسایەو سێبەری ئەم ڕژێمەدا گوزەر دەکرا. ئەگینا ڕژێمی بەعس لەگەڵ یەکەم ساتی هاتنە سەرتەختی فەرمانڕەوایی و گرتنە دەستی دەسەلات دروشمی ( شەلم کوێرم هیچ نابوێرم )ی کردە مارشی خۆی و لەمسەری عێراق بۆ ئەوسەری بێ جیاوازی ڕەگەزو مەزهەب و ئایین ئاشی خۆی خستەگەڕ بۆ هاڕینی خەڵکانی شۆڕشگێرو ڕۆشنبیرو ئەوانەی کە بەڵێیان نەدەکرد بۆ ڕژێمەکەی و لە هەوڵی هاتنە کایەی ڕژێمێکدا بوون کە گەل خۆی خاوەن بڕیار بێت و هەر گەلیش خۆی بتوانێت رژێمەکان و یاساکان دیاری بکات. لە ئەنجامی بەردەوامبوونی لەسەر ئەو ڕەوت و سیاسەتە لێرەولەوێ، لە شارودێ دەنگی ناڕەزایی دەستی پێکرد و هەرزووش رژێمی بەعس هەوڵیدا بەکوشتن و بڕین و دا پڵۆسین ئەو دەنگانە نەهێڵێت وچی بوێت بە خواستی خۆی بیکات و بەبێ گرفت مەرامەکانی بهێنێتە دی ، هەموو کارێکی نەشیاوی کرد شەری هەڵگیرساند، پەلاماریدەد ا،گوندی ڕاگوێزا وخەڵکی چەندین گوندی جیا جیای لەئۆردوگایەکی زۆرە ملێدا نیشتەجێ دەکرد تاکو بیر لە سیاسەت و شۆڕش و ڕا پەڕین نەکەنەوە و سەرقاڵی ئاژاوەی نێوخۆی خۆیان بن کە زۆرجاریش لە نیو خودی کەسانی ئۆرد وگاکاندا کەسانێکی تێدابوو کە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی خستبوە پێش بەرژەوەندییە بالاکانی میللەتەکەی و سیخوری و جاشایەتی

بۆ ئەورژێمە دەکرد کە دەستی سوور بوو بە خوێنی ڕۆڵەکانی میللەتەکەی .لە ئە نجامی کەڵە کەبوونی ئەو هەموو کارە نامرۆڤانەی کە دەرهەق بە خەڵکی بێتاوان دەکرا ئیتر پەتی تەحەمول پچڕاو کوردوتەنی (جام کە پڕبوولێی دەرژێت) ئەو جامەش نەك هەر پڕبووبەڵکو چەندینجار سەررێژی کردبوو، باشترین وەلاٚمیش بۆ بە گژاچوونەوە وقبولٚ نەکردنی ئەو رژێمە ڕا پەڕینی جەماوەری و هاتنە سەر شەقامەکان بوو بە یەك دەنگ وبە یەك رەنگ بە شێوە یەك کە هەموو کەسێك خۆی بۆ رووبە رووبوونەوە ئامادە بکات وترس و هەڕەشەو تۆ قاندن لە زهن ومێشکی خۆیدا بسڕێتەوە وخۆی بەخاوەنی ئەو ڕا پەڕینە بزانێت وسنگی بکاتە قە ڵغان لە پێناوی سەرکەوتنید ا .

کورد و شۆڕش و ڕا پەڕین :

گەر بە وردی تێبفکرین لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد ئەو ڕاستیەمان بۆ روون دەبێتەوە کە جگە لەوەی میللەتەکەمان بەشێکی زۆری ژیانی بریتی بووە لە ئاوارەیی ڕاکەڕاکە و نەهامەتی ، خاکەکەشی بە هەمیشەیی بۆتە شوێنی ململانیٚ و کێشمە کێشمی دەوڵە تە زلهێز و دراوسێکانی کەزەرەرمەندی سەرەتاو کۆتایی هاولاٚتیانی کورد بوە، کە بەداخەوە لەزۆرێك لەو ململانیٚ و ناکۆکیانە بەهەرشێوەیەك بوایە کوردیان دەخزاندە نێو شەڕو پێکدادانەکان، ئەمەش هەم هاندەرێکی باش بوو هەمیش هۆیەك بوو بۆ شەرعیەتدان بەو دەوڵەتانە تاکو بێ هیچ ترس و دوودلی یەك ئەو خاکەی کە کوردی تێدادەژی و پێی دەوترێت کوردستان بکرێتە شوێنی شەڕوپێکادان و پێشبڕکێی دەست بەسەرداگرتنی زۆرترین لە رووبەرەکەی ، هەر لە شەڕی چاڵدیرانی ساڵی (1514) ی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و صەفەوییەکان کەلێرەوە بۆیەکەم جار دابەشکردنی خاکی کوردستان دەستی پێکرد و شەڕەکەش بوە هەنگاوی یەکەم بۆ ئەو دابە شکردنە تا وایلێهات کە دەوڵەتە داگیرکەرە کان بۆ خۆیان ڕێکدەکەوتن لەسەر ئەوەی کە چۆن ئەو خاکەی دەستیان بەسەرداگرتوە وهی خۆیان نیە دابەشی بکەن. بۆیە ها ولاٚتیانی کوردستان هیچ رێگا چارەیەکیان شك نەد ەبرد کەبیگرنە بەر بۆ دژایەتی دەوڵەتە داگیرکەرەکان تەنها شۆڕش وڕا پەڕین ونارەزایی نەبێت ئا لەوساتەوە میللەتی کورد ئاوێتەی شۆڕش وڕا پەڕین بوون بە وێنەی شیعروئاواز لەبەستەیەکد ا بۆبەگژا چوونەوە ی هەر داگیرکەرێك دەبوایە ئەو شێوازە ی خەبات بگیرێتەبەر ،وە دەبێت دان بەو ڕاستیە شدا بنێن کەزۆرێك لەوشۆڕش وڕا پەرین ونارەزاییەنە ناکاملٚ بوون ودوژمنان بەئاسانی توانیبویان ناکۆکی ودووبەرەکی بخەنە نێو ئەو بزوتنەوانە ئەمە لە لایەك لەلایەکی تریشەوە زۆرینەی شۆڕش وڕا پەڕینەکان هەستی ئایینی تێیاندا زالٚ بووبەسەر هەستی نەتەوە ییدا، تا هەڵگیرساندن و د روستبوونی شۆڕشی گەورەی (میربەدرخان ) کەبوە وە رچەرخانێکی گەورە لە مێژووی بزاڤی گەلی کورد د او لێرەوە هەستی نەتەوایەتی لە شۆڕشەکاندا زیاتر هەستی پێدە کرا ودەبینرا

بەدوایدا دەیان شۆڕش و ڕا پەڕینی گەورەی تر سەریان هەڵد ا کەهەند ێکیان بەرهەمداربوون .بۆیە د ەکرێت بوترێت کە سەر لەبەری ژیانی کۆمەلاٚنی خەڵکی کوردستان پڕبوە لە نەهامەتی ناسۆری ومێژووکەشی بە مێژوویەکی خوێناوی ناوزەند بکرێت .کۆمەلاٚنی خەڵکی پێنجو ێنیش بێ بەش نەبوون لە وداگیرکاری وسەرکوت کرد نە جگە لەوەی کە لە سەرجەم ئەو بارود ۆخانەی کە باسکراون ناوچە کەش چەند ین جار داگیر کراوە ولە مێژووی درووست بونیەوە چەند جارێك بەر شالاٚوی داگیر کاری وتالاٚنکردن بۆتەوە هەر لەسەر هەڵدانی جەنگی جیهانی یەکەم کە هێزەکانی ڕوس درێغیان نەکرد لەم شارە تا دەگاتە سووتاند نی لەلایەن ڕژێمی داگیرکەری بەعس و وێرانکرد نی یەکجارەکی لە سەرەتای سالأنی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کە ئەمەش وای کرد پێنجوێن جارێکی تر وەکو خۆی ئاوەدان نەکرێتەوە و دانیشتوانەکەشی دابەش بوو بەسەر شاروشارۆچکەکانی تری کوردستان و تەنانەت بۆ شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەلاٚتیش ،ئەمە جگە لەڕوودانی چەند کارە ساتێکی سروشتی لە ناوچەکە کە گرنگترینیان بومەلەرزە گە ورە کەی ساڵی ( 1946 ) بوو کە بە یەکەمین بومەلەرزەی بەهێز لە مێژووی کوردستان وعیرا قیش دادەنرێت لە سەرە تای سەدەی ڕابرد وەوە تاکو ئێستا کە بەهۆیەوە دانیشتوانەکەی چۆ ڵیان کردو توشی زە رە رو زیانێکی زۆر هاتن ، وە زۆربەی دەزگا کانی ڕاگەیاندنی ئەوسا لە سەری دوان و باسیان کرد وە هەر لە ڕێگەی دە زگاکانی ڕاگەیاند نەوە داوای کۆمەك وهاوکاری دەکرا بۆ لێقە وماوان وزیان لێکە وتوانی ئەو کارە ساتەی بە سەر پێنجوێن د ا هات وە یە کێك لە ود ە وڵەتانەی کە هاوکاری لێقە وماوانی کار ەساتەکەی کرد دەوڵە تی بەریتانیای عوزما بوو هەروەها لەلایەن ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی کوردستانەوە هە ڵمەتێکی بەرفراوان کرا بۆ کۆکردنەوەی پیتاك وهاوکاری بۆ پڕکرد نەوەی بەشیك لەو زیانەی بە پێنجوێن گەیشت تەنانەت چەند ین شانۆ یی لە شارەکانی تری کوردستان نمایش کران و د اهاتەکەیان بەخشیە پێنجوێنی کارە ساتبار .

ئەوڕۆژەی جەماوەری پێنجوێن ڕا پەڕی شار خامۆش وکش وماتە هێزەکانی ڕژێم بەد گومانیەك لە ناخیاندا دروست ببوو هەر چاوێکیان هەزار چاو بوو ،کونە مشکیان لێ ببوە قەیسەری ودەیانزانی ڕۆڵەکانی شارم دەست لەناو دەست دەنێن بۆڕمانی قەلاٚی زۆرداری پڵنگە تورەکانی شار لەگەڵ شۆڕش وڕا پەڕین ڕاهاتبوون چونکە لەگەڵ جەژنی نەورۆزی کوردانددا ڕا پەڕین وناڕەزایی جەماوەری سەری هەڵدەد ا، ئەوە تا لە نەورۆزەکانی( 1975،1976،1977،1978،1979 )خۆپیشاندانی گەورە وناڕەزایی زۆر دروست دەبوون ودوکان وبازاڕەکان د ادەخران . لە نەورۆزی ( 1980 )دا خۆپیشاندانێکی گەورە کرا کە مەترسی بۆ سەر هێزەکانی ڕژێم دروست کرد بوو بە جۆرێك کە بەڕێوە بەڕێتی ئەمنی سلێمانی بەنوسراوی ژمارە ( 14706 )لەبەرواری 1980/3/27داوایان لەدەزگای

ئەمنی پێنجوێن کرد وە کەزانیاریان پێ بدەن لەسەر ئەو کەسانەی کە بەشداری ئەو ڕاپەڕینە یان کرد ووە ، دەزگای ئەمنی پێنجوێنیش بەنوسراوی نهێنی ژمارە (1143)لەبەرواری 1980/4/29زانیاری وناو وناونیشانی ئەو کەسانەیان بۆ نارد ون کەرۆڵی بەرچاویان هەبوە لەو ڕاپەڕینە،ئەم کاروکردەوانەی سەرانی بەعس لە شارەکەد اجەماوە ری زیاتر ڕق ئەستوورتر دەکرد لە بەرامبەر ئەو ڕژیمەو کارە قێزەونەکانیدا هەر لەسالی (1980)دا ڕاپەڕینێکی جەماوەری گەورە وفراوان د ژی سەرجەم دەزگا سیخوڕییەکانی ڕژێم سەری هەڵد ا

چۆن ڕاپەڕینی 7/19 ڕوویدا :29) )ساڵ لەمەو پێش ولەبەرواری 1980/7/18

لەکاتێکداکە پێشمەرگەیەکی هەرێمی(3)ی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە ناوی (عەبدوڵلا بچکۆل) کە خەڵکی ناوچەی پێنجوێنە و دواتر شەهید بوو دەیەوێت لەگوند یکی ئێرانەوە بەرە وشاربازێڕ بڕوات بەلام لە نزیك گوند ی ئالیاوای پێنجوێن توشی هێزێکی ڕژێم دەبێت ،هێزەکەی ڕژێم دەیانەوێت بیگرن وبیکوژن بەلام پێشمەرگەکە وە ك نەریتێکی پێشمەرگانە لێیان د ێتە دەست وئەفسەرێك وسەربازێك لە هێزەکەی ڕژێم دەکوژێت ودواتر خۆی دەرباز دەکات ،بۆ ڕۆژی دواتر واتە 1980/7/19 ڕژێم بە هێزێکی زۆرو زەبەلاحەوە دەچێت بۆ شوێنی ڕووداوەکە بە نیازی تۆڵە سەند نەوە ، کا تێ کە هێزەکەی ڕژێم دەچنە شوێنی ڕووداوەکە دەبینن ئەوەی کە ئەوان بۆی چوون ونیازیان بوو بیکەن بۆیان نەکرا،تەنیا کەسێك کە لەو گوزە رەد ابوو شوانێکی گاگەلەکەی پێنجوێن بوو بەناوی (دەروێش مەجید ) هێزەکانی ڕژێم ئەو شوانە بێ دەسەلاتەیان گرت ،بەشێوە یەکی زۆر دوور لە بەها مرۆڤایەتێەکان شەهید یان کرد ،هەر ئەو ڕۆژە مقۆمقۆ کەوتە ناو جەماوەری پێنجوێنەوە سەبارەت بەشەهید کرد نی دەرویش مەجید ،بۆیە هەر لەوساتەوە خەڵکی دلێری ئەوشارە کە بیستیان بەچ شێوە یەکی دڕاندانە شەهید یان کردووە نەیانتوانی ئیتر خۆیان ڕابگرن دەرهەق بەم تاوانە گەورەیەی ڕژێمی بەعس بۆیە جەماوە ری داخ لە دڵ پاڵ پشت بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان هەرلە مزگەوتەکەوە زۆربەی خەڵکی کەوتنە هوتاف کێشان د ژی ڕژێم وکار بە دەستەکانی لەو شارەد ا لێرەوە چەخماخەی ڕاپەڕین بە هەوڵ وهیمەتی ڕێکخستنە تێکۆشەرەکان وچەند گەنجێکی خوێن گەرمی چەپی ئەوشارە گوێزرایەوە بۆ ناو شارو بازاڕودوکان و شوێنە گشتییەکان ،دواترزۆربەی توێژەکانی ئەو شارە هەر لەکرێکارومامۆستا وخوێندکارو کاسبکار بە ژن وپیاوە وە بڕیاری بەشداریکرد نی ڕاپەڕینیاندا لە دژی ئەم تاوانە دوکان وبازاڕوشوێنە گشتییەکان داخران وخەڵکی دە ستەدەستە دەچوون بە دەنگ بانگەوازی ڕاپەڕینەوە ،ئا لەو ساتە وەختانەد ا ڕژێم لە ڕێگەی ئەڵقە لەگوێکانی خۆیەوە دەیویست خەڵکی ڕاپەر یو وتورە لە بەعس کپ بکاتەوە بە پێد انی کۆمەڵێ بەڵێنی درۆ بە خەڵکە ڕاپەڕیوەکە کە یەکێکیان سزادانی بکوژانی دە روێش مەجید ی شوان بوو .بەلام خەڵکی هەر زۆر زوولە نیاز ومەرامەکانی کاربەدەستانی بەعس وئەڵقە لە گوێکانیان تێگەیشتبوون

،بۆیە ئەم کارانەی ڕژێم کرد ی هیچی لە مەسەلەکە نەگۆ ڕی و وای لە ڕژێم کرد کە بڕیاریدا هەرکەس دوکان وبازاڕی خۆی نەکاتەوەو نەچێت بەلای کارو کاسبیەوە ئەوا تۆمەتی بەشداری کردنی ڕا پەڕینی د ەخرێتە پاڵ وسزادەد ر ێ ،گرتنە بەری ئەم ڕێگایەش هەر سوود ی نەبوو .ڕا پەڕ ین درێژە ی کێشاو بە هەزاران خەڵك بەشد ارییان کرد ولە گەڕە کی (بەرکێو)ە وە کۆبو نەوە وبڕیاری ئەوەیاندا کە دەبێت ڕا پەڕین بەردە وام بێ وبۆ دوژمنانی بسەلمێنین کە ئێمە میللەتی کورد میللە تێکێن دژی ژێر د ەستەیی وکوشتن و چەوساند نەوە ین .. د وای ئەوە ڕژێم هێزێکی زۆری کۆکردە وە لە نزیك هەرد وو گەڕە کی( چوارباخ )و( بەرکێو ) بۆ ڕاوەد ونانی بەشد اربوانی ڕا پەڕین وخۆپیشاند انەکە .
، ڕژێم بە بڕیار ێك هاتوچۆ وگەڕانی لە ناو شارد ا قە دەغە کرد ، ئەم کارە ی ڕژێم تاڕادە یەکی کەم کاریگەری هەبوو لەسەر کپ کرد نەوە ی ڕا پەڕینەکە .بۆ شەوی د اهاتوو 21/20/ 7 هێزێکی گەورە ی پێشمەرگە بۆ پشتگیری کردن و پشتیوانی کرد نی خەڵکی ڕاپەڕیوی پێنجوێن وتەمبێ کرد نی پیاوانی بەعس ود اموەد زگا داپڵۆسێنەرە کانی بەعس هاتنە ناو شاری پێنجوێن وشاریان بە تەواوەتی تا کو سەر لە بەیانی ئەوڕۆژە کۆنترۆڵ کرد ودە رسێکی وای د وژمنانیان د ا د ا کە بۆ هەتا هەتایە نەوێرن نزیکی ئەو شوێنەش بکەون کە پێشمەرگەی لێیە .ڕژێم زە رە ر و زیانێکی زۆری لێکەوت ئەوە ی کە زانرا کوژرانی زیاترلە (110 ) سەد ودە ئەفسەرو سەرباز وبریندازبوونی زیاتر لەوڕێژە یە هەروەها تێکشکاند نی چەند مدە رەعە وئیڤا وئۆ تۆ مبێلی سەربازی و سو تاند نیان .بۆ بەیانییەکەی ڕژێم هاتوچۆی بۆ جارێکی تر قەدەغە کردە وە و بە فرۆکەی هێلیکۆپتەر کەوتە گواستنەوە ی تەرمی کوژراو وبریندارە کان و شتنی شە قامەکانیش کە بە خوێنیان سوور بوو بوو بۆ ئە وە ی ورە ی هێزە کانیان دانەبەزێت ،دواتر ڕژێم بە هێزێکی زۆرە وە بلاوبوونەوە بە شە قام وکۆڵانەکانی پێنجو ێن دا وە ڕ ژێم بۆ تۆڵە سەند نەوە ونەهێشتنی دەنگی ناڕەزایی نەوە ك جارێکی تر ڕا پەڕین سەرهەڵبدا تەوە کەوتە گرتن وڕاوەدوونانی ئەو کەسانەی کە بەشداری ڕا پەڕینە کەیان کرد بوو لە گەڵ ئەو کەسانەی کە کەس وکاریان پێشمەرگە بوون و ڕۆڵی بەرچاو وکاریگەر بیان هەبوو لە سەرکەوتن وچۆکدادان بەو هێزە فشەڵەی ڕژێم. ڕا پەڕینی جەماوە ریی پێنجوێن لە دوای هەڵگیرساند نی شۆڕشی نوێ ی گەلی کوردستانەوە بوو بە هەوێنێك بۆ سەرجەم ڕا پەڕینە جەماوە ریەکانی شار وشارۆچکەکانی کوردستان ،بۆسالآنی دواتر سوود لەو ڕا پەڕینە وەرگیراو چەخماخەی ڕا پەڕین لەزۆرێك لەشارەکانی کوردستان وەك هەڵە بجە وقەڵاد زێ وچەند ناوچەیەکی ترهەڵگیرسا .
وە یەکێك لەو دروشمانەی کەلەسەردیوار وشوێنە گشتیەکان لەلایەن ڕێکخستنەکانەوە بلاوەکرایەوە ودەنوسرا ئەمە بوو (ئەی کۆمەلآنی خەڵکی کوردستان ئێوەش وە ك جەماوەری قارەمانی پێنجوێن بیسەلمێنن کە کوردستان سەر بۆفاشستەکان شۆڕناکا ) .هەروەها ڕاد یۆی دەنگی شۆڕشی گەلی کوردستان ڕۆڵی کاریگەری هەبوو لە جۆشدانی ڕا پەڕینەکەوە ولەوئێزگەیەوە داوا لەسەرجەم خەڵکی

**کوردستان دەکرا کە پشتگیری ڕاپەڕینەکەی پێنجوێن بکەن ئێوەش چاو لە جەماوە ری ڕاپەڕیوی ئەو شارە بکەن .ئەمە جگە لەوەی کە لەو بلاّوکراوانەی کە مەکتەبی ڕاگەیاند نی ئەوسای یەکێتی نیشتمانی کوردستان چەند ین وتارو نوسین لەسەر گرنگی وگەورە یی ئەو ڕاپەڕینە بلاّوکرانەوە .ڕاپەڕین کۆتایی هات بەشەهید بوونی هاولاّتیەك و برینداربوونی چەند هاولاّتیەکی تری بەشداربووی ئەو ڕاپەڕینە .**

## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕاپەرینی ( 19 ) ی تەمموز

**هەموو شۆڕش وڕاپەڕینێك کۆمەڵێك هۆکاری خۆیی وبابەتی هەیەو هیچ خۆپیشاند ان وڕاپەڕینێکیش بە بێ هۆ وئامانج ڕوونادات وڕاستە وخۆ وناڕاستەوخۆ کۆمەلێك هۆکاری لە پشتە .حکو مە تی عێرا ق و ر ژ ێمی بە عس لە دوای شکستی شۆڕشی ئەیلول لای وابوو ئیتر تەواوی خاکی کوردستانی بۆ تەخت بوە وبۆ هەتاهەتایە کورد ئەوەی بیری لێ نەکاتەوە شۆڕش وبەرهەڵستی وڕاپەڕینە ، لەو گۆشە نیگایەوە وبۆزیاتر دابەزاند نی ورە وئیرادە ی کۆمەلاّنی خەڵکی کوردستان وکۆکردنەوە ی هاولاّتیان لە چەند شۆێنێکد اکە پێیان دەوترائۆردوگای زۆرە ملێ وبەبێ خواست وگوێد انە حەز وئارە زووی هاولاّتیان بۆ نیشتەجێ بوون کۆی دەکردنەوە . گوند نشینەکانی سنوری پێنجوێنی دابەشکرد بوو بەسەر سێ ئۆرد وگاد ا کەبریتی بوون لەئۆردوگاکانی ( پێنجوێنی خوارە وە کەهەیکەلەکەشی پێ دەوترێت وناڵپارێزو شانەدە ری ) ئاما نجی حکومەت لەم کارەشید ادابڕانی یەکجارە کی هاولاّتیانی گوند نشین وپێشمەرگەبوو ،چونکە گوندەکان ببوونە لانکەوشوێنی حەوانەوەی پێشمەرگەوهاولاّتیانی گوند نشینەکانی وە کوپێشمەرگەیان لێها تبوو .**

**لێرەوە دەکرێت هۆکارەکانی ڕاپەڕینی ( 19 ) ی تەممورزی 1980بۆ چەند خاڵێك بگێڕینە وە :**

- **لە مێژبوو حکومەت هەستیکرد بوو کە لە پێنجوێند ا شۆڕشێکی ڕۆشنبیری وجەماوەری وشۆڕشگێڕی لەئارادایە بۆیە هەموو هەوڵێکی خۆی خستبوە گەڕ بۆنەهێشتن ولە ناوبرد نی .**
- **ڕاپەڕینەکانی پێشووتری جەماوەری پێنجوێن هەو ێنێك بوون بۆڕاپەڕینی( 19 )ی تەمووز .**
- **دروست بوونی تۆڕێکی بەهێزی ڕێکخستنەکانی شۆڕشی نوێ ی گەلی**

**کورد ستان کەحکومەت هەمووهەوڵێکی خستبو وە گەڕ لە پێناوی دۆزینەوەی سەرە داوی ئەو تۆڕی ڕێکخستنە تۆکمەیە کە کاریگەری زۆریان دروست کرد بوو لە سەر بیروڕای خەڵکی ناوچەکە .**

- **دروست بوونی مەفرە زە ی سەرە تایی پێشمەرگە لەناوچەکە هێزو ورەی زۆری دا بوە جەماوە ر بۆهەر ڕووبەڕووبونەوە وڕاپەڕینێك چونکە دەیانزانی کەهێزێك هەیە پاڵپشتیان لێ دەکات وپشتیوانێکی گەورەشە بۆیان .**

- **هەڵكەوتەی شوێنی جوگرافی پێنجوێن هۆكارێكی باش بوو بۆ سەر هەڵدانی ئەو ڕا پەڕینەوسەرجەم ڕا پەڕینەكانی پێشووتریش چونكە هاوسنور بوو لە گەڵ كوردستانی ڕۆژهەلا تد ا .**
- **ئەو هەموو كوشتن وبڕینەی كەهێزەكانی ڕژێمی بەعس دە رهەق بەخەڵكی بێ د یفاع وكاسبكارانی دەكرد بە تايبەت لەسەردەمی تاوانباری گەورە ودەست سووربە خوێنی دەیان هاولاتی پێنجوێنی ( عە قيد زاحی ) وئەڵقە لە گوێكانی لە وێنەی ( شیاعی ) خوێن ڕێژ كە زیاترلە( 150 ) هاولاتیان شەهید كرد بوو .**
- **چەند ین هۆكاری خۆیی وبابەتی ئەو سای ناوچەكە یارمە تیدە ر بوون بۆ ئەو ڕا پەڕینە .**
- **ڕا پەڕینەكە لە مانگی تەمموزد ا ڕوويد ا كە زۆرێك لە يادەكانی ڕژێم كەوتبوونە ئەو مانگەوە ئەمە جگە لە وەی كە مانگی تەمموز بە مانگی بێزاری وتۆڵە سەند نەوە ناوزەند كراوە وزۆرینەی شۆڕش وڕا پەڕینە گەورە كانی جیهان هەر لەو مانگەد ا بووە.**

**باشترین هۆكار بۆئەو ڕا پەڕینەشەهید كردنی( دەروێش مەجید عەبد وڵلا ) ی شوان بوو كە دەتوانرێت شەهید بونی ئەم شوانە بە هۆكارێكی گەورە وبزوێنەری ڕا پەڕینەكە دابنرێت چونكە هێزەكانی ڕژێم زۆر وەحشیگەریانە شەهید یان كرد بوو تەنانەت زۆر كەس ناوی ڕا پەڕینەكەی ناو ناوە ( ڕا پەڕینەكەی دەروێش مەجید ی شوان )**

**دوای ( 29 ) ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ڕا پەڕینی پێنجوێن دا..چی بۆ پینجوێن كراوە ؟**

**ئەمسال29 ) ) ساڵ تێپەڕی بە سەر ڕا پەڕینە جەماوەرییەكەی شاری پێنجوێن د ا ولەو( 27 ) ساڵەش زیاترلە( 16 ) ساڵە دە سەلات وحكومەتی كورد ی فەرمانڕەوایی ئەم شارە دەكات ،ئەو شارەی كە خاوەنی شوێنێكی گرنگ وستراتیژییە وهاوسنورە لە گەڵ بەشی ڕۆژهەلاتی كوردستان ( كوردستانی ئێران ) ولە ساڵی ( 1991 ) وە بەیەكێك لەو شوێنانەدادەنرێت كە زۆرترین داها تی لێوە دەستكەو تووە لەسنوری پارێزگای سلێمانید ا وبۆتە پاڵپشتێكی بەهێزی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەڕووی ئابوری ودارایی یەوە وبۆ زیاتر كرانەوەش بە ڕووی بازاڕەكانی ئێران و ولاتانی د یكە لە بەرواری ( 2007/7/26 ) یشەوە بە پێ ی ڕێكەوتنی هەردوو ولا تی عێراق وئێران وپارێزگاری سنە وسلێمانی خاڵی سنوری باشماخ كەلانی كەم ڕۆژانە ( 500 ) ئۆتۆمبیلی بارهەڵگری لێوە دەچێتە سلێمانی وبە پێچەوانەشەوە ، ئەم خاڵە سنو رییە لەمەرزێكی لاوەكی وئاساییەوە كرایە سنورێكی ڕەسمی نێو دەوڵەتی كە پێویستە هەموو مەرج وياساو ڕیسایەكی مەرز یا خود خاڵی سنوری نێودە وڵەتی تێید ا هەبێت .**

**وە نابێت ئەوەشمان بیر بچێت كەدوای ڕا پەڕینە جەماوەرییەی ( 19 ) ی تەمموزی پێنجوێن ئیتر حكومەت وڕژێمی بەعس پێنجوێنی كردە وێرانە و وەحشیانە كەوتنە ڕووخان وسوتان وتەقاند**

نەوە وكاولكرد نی سەرجەم خانووی هاولاَ تیان ودام ودەزگا حكومیەكانیش بە قوتابخانە ومزگەوتەكانیشەوە كە بەهۆیەوە هاولاَتیانی بەشمەینە تی ئەم شارە ئاوارە بوون ، لەدوای هەلَگیرساند نی شەڕی نێوان هەرد وو دەولَەتی عێراق _ئێران كەهەر زوو وەیشوومەی ئەو شەڕە بەرۆكی ناوچەكەی گرت وتووشی گەورە ترین زە رە ر وزیان هات و( 10 ) سالَیش هاولاَتیانی ئەم شارە دوركەوتنەوە لە شارەكەیان وژیانێكی د ورە پەرێزییان دەبردە سەر وپێنجو ێن بە تەواوی چۆلَكراو تەنها كوندەپەپووتێیدا دەخوێند وبایە قووشیش بۆی دە سەندە وە .لە دوای ئەو گۆڕانكارییانەی كە لەناوچەكەد اڕووید اوحكومەتی عێراق پەلاماری دەولَە تی كوە یتی د ا ولەماوە یەكی زۆر كورتد ا داگیری كرد وئەم كارە شی بووە نیگەرانی وبێزاری هێزەكانی ئەمریكا وهاوپەیمانەكانی وهەموو ولاَتانی دونیا دوای ئەوە ی كەدلَنیابوون حكومەتی عێراق بەرێگای ئاشتی و د یپلۆماسی نایەتە ڕاستەو ئامادە نابێت بەبیٚ شەڕ هێزەكانی لە ولاَ تی كوە یت پاشەكشیٚ پیٚ بكات بۆیە هێزە هاوپەیمانەكان دوای چاوە ڕوانیەكی زۆر لە بەرواری ( 1991/1/15 ) یان دانا بۆ د وا ساتی كشانەوەی هێزەكانی عێراق تاكو لە كوە یت دە ربچێت بەلاَم ئەمەش سوود ی نەبوو لەئە نجامد ا لە شەوی ( 1991/1/17 ) هێرشی هێزە هاوپەیمانەكان بە شێوەی زە مینی وئاسمانی دەستیپێكرد بۆ سەر عێراق و ڕزگاركرد نی كوە یت ،لەم شەڕەشد اجگە زیانێكی زۆری ماد ی كە بە ملیارە ها د ۆلار دە خەملێنرێت زیانە گیانیە كانیش بە پیٚ ی ئاژانسی هەوالَگری بەرگری (سی ئای ئەی ) سەربە پەنتاگۆن زیانەكانی ئەوشەڕە ی لە ڕووی گیانیەوە كەلەهێزەكانی عێراق كەوتووە بە( 100000 ) صەد هەزار كوژراو( 300000 ) سیٚ صەد هەزار بریندار خەملاَند و ئەوانەشی لەجەنگ هەلاَ توون نزیكەی ( 150000 ) صەد وپە نجا هەزار سەربازبوون ئەمە جگە لەكوژران وبریندار بوونی هەزاران هاولاَتی عێرا قی ، لەكاتێكد ا كوژراوی هێزە سەرباز ییەكانی ئەمریكا لەجەنگی گەردەلوولی بیاباند ا تەنها ( 148 ) سەرباز بوو لەگەلٚ ( 458 ) بریند ار .

بەمەش عێراق جگەلەد ۆڕاند نی شەڕە كەوتێكچوونی شیرازەی هێزەكانی ، لەنێو خۆی ولاَتیشد ا تووشی ڕووبەڕووبونەوە وخۆپیشاند ان وڕا پەڕینی جەماوەری بویەوە ،ئا لەو ساتانەشد ا هەلوومەرجەكان لەبار بوون بۆ ڕا پەڕینێكی جەماوەری گەورە لەشارەكانی كوردستاند ا ، ئیتر لەوێوە پارتە كوردستانیەكان كەوتنە خۆ بۆ وەلانانی هەموو جۆرە گرژی وناكۆكیەك وهەولَدان بۆ پشتیوانیكرد نی یەكترودروست كرد نی پەیوە ند ی بە هێز لەگەلَجەماوە رد ا وپێكهێنانی شانەی چەكد اری وپەیوەند ی كردن بە هێزەكانی ( ئەفواجی خەفیفە ) وچەند هێزێكی تریشەوە تاكو ڕۆلَی باش ببینن لە كاتی هەر پەلامارو ڕاپەڕینێكدا .ئەوەبوو لەئاكامی ئەو یەكدەنگی ویەك هەلَوێستیەی هێزی پێشمەرگە وهاولاَ تیانی كورد ستان لە 1991/3/5چەخماخەی ڕا پەڕ ین لەشاری ڕانیەوە هەلاَیساولەماوەی تەنها ( 15 ) ڕۆژد ا توانرا سەرجەم شارو شارۆچكەكانی كوردستان

بەکەرکوکی باباگوڕکوڕ یشەوە لە ژێردەستی ڕژێمی بەعسد ا ئازاد بکرێت وهەموو د ام ودە زگا دا پلۆسێنەر وداگیرکار بییەکانی ئەو حکومەتە لەکوردستان وە دە ربنرێت وکوردستان ئازاد بکرێت .وە سالأنەش هەر شاروشارۆچکەیەك یاد ی ڕۆژ ی ئازاد کرد نی دەکا تەوە کەبە د اخەوە پێنجوێن لە ویاد کرد نەوەش بێ بەش بوە چونکە لە سالی ( 1991 ) پێنجوێن وسنورەکەی خاکی قەدە غە کراوبوون( محرمە ).هەلبژارد نی پەرلەمان ئە نجامد را ،حکومەت د روست بوو خەلکی گوندە کان دەستە دەستە ڕوویان دەکرد ەوە گوندەکانی خۆیان بەمەبەستی ئاوادانکردنەوە هەروەها شارە وێرانکراوەکانی وەکو( هەلە بجە ـ پێنجوێن ـ قەلأد زێ ـ شارباژێر ـ شارەزوور ) وهتد کە بە ڕوحێکی حەزینەوە گەڕانەوە بۆ بنیات نانەوە ی شارەکانیان وبوژانەوە ی ژێرخانی ئابوری کورد ستان ونۆژەن کرد نەوە ی کوردستانێکی جوانتر لەجاران ، خەلکی پێنجوێنیش وە ك هەر شارو چکەیەکی تری کوردستان دوای ( 10 ) سالێ دابڕان و دورە پەرێزی بەهیوایەکی زۆر وئاسۆیەکی ڕوونەوە گەڕانەوە زێد ی باب وبا پیرانیان ودە یانویست شارێك د روست بکەن لە جوانی وخۆشەویستی .

پێنجوێن بنیات نرایەوە دام ودە زگای حکومی وحزبی تێید ا د روست بوو خەلکی بەڕوحیە تێکی گەورە وە کەوتنەد روست کرد نەوە ی کەلاوەکانیان وچەند ڕێکخراوێك دە ستی ئاواد انکرد نەوە ی بۆ پێنجوێن درێژ کرد لە وانە ڕێکخراوی ( شیلتەر ـ منداڵپارێزی کوردستان ـ هابیتات ) کۆی ئەو خانوانەی کە لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە د روستکران زیاتر لە ( 1000 ) خانوویەك بوون کەهاولا تیان خۆشیان لە تێچوونەکەی پشکیان بەرد دە کەوت ،ئەو خانوانەی تر کەهەیە خەلکی خۆیان بە شێوە یەکی سادە وساکار کرد یانەوە ولەلایەن دە زگا پەیوە ند یدارەکانی حکومەتەوە چەند ین پڕۆژە ی جۆراوجۆر بۆ شارە کە ئە نجامد ران ، بەلأم نە ئەو خانوانەی کە ڕێکخراوە کان ونە ئەو پڕۆژانەی کە حکومەت لە شارە کەجێ بەجێ ی کرد ون بە پێ ی پێداویستی و وێرانی شارە کە نەبووە تائێستاش ئەم شارە دوای ئەوهەموو سالەی فەرمانڕە وایی کوردچەند ین پڕۆژە ی گرنگ هەیە کە پێویست بوو هەبوا یە بە لأم تائێستا جێ بەجێ نەکراون لەوانە تا ئێستا هیچ پڕۆژە یەك شك نابرێت لەم شارە د ا کەبۆ گە نجان کرابێت وە ك پارکێك یان سەنتەر ویاریگایەك کە کەم شارهەیە بەزیادە وە بۆیان نەکرابێت ، هیچ پڕۆژەیەکی هونەری لەم شارە د ا نیە لە وێنەی هۆلی شانۆ ـ ڕۆشنبیری وهتد ..شارێکە تا ئێستا کەمترین ڕێژە ی شەقامەکانی قیرکرابن وکۆلأنەکانی چیمەنتۆبن ، شارێك تا ئێستا بێ بەشە لە کارەبای نیشتمانی...ولەئێستادا سوودلەتەزووی کارەبای ئێران وەردگرێت ئەمە لە کاتێکدا لە سالأنی پە نجاکاند ا ئەم شارە کارەبای نیشتمانی هەبوە . تا ئێستا نەتوانراوە وە کو پێویست لابکرێتەوە لە هەموو شوێنە گەشت وگوزارییانەی کە هەیە تی وە ك ( بلکیان ـ چوار باخ ـ سێچاکان ـ گۆلێ زە نگیدە ر ) وچەند ین شوێنی تر کە بۆخۆی سروشتەکەی تێدا د روست بوە وتەنها پێویستی بە چەند بوارێکی خزمەتگوزاری هەیە ، گەر لە هەر ولأ تێکی تر بوایە

ئەوا سالأنە لە ڕێگەی گەشت وگوزار ییەوە دە یان ملیۆند ۆلار پاشەکەو تی دە بوو .تا ئێستا حکومەت نەیتوانیوە  یا خود نەیکرد وە کارگەیەك لەناوچەکە بنیات بنێت لە کا تێکد ا زۆر لەبارە بۆ د روست کرد نی چەند ین کارگە نەك کارگەیەك کە کە رە ستە خا وەکەی بە ئاسانی لە ناوچەکەد ە ست دە کەوێت وبوونی هەیە   وە ك ( ئاسن ـ بەرد ی مەڕمەڕ ـ بەروبوومی کشتوکاڵی ) وهتد....

نەبوونی هیچ یەکێك لەو پڕۆژە گرنگ وخزمە تگوزارییانە وچەند ین پڕۆژە ی تر ئەو ڕاستیە د ە سەلمێنێت کە  پێنجوێن هێشتا کەم وکوڕی تێد ا ماوەو ڕە نگە هیچ بوارێك نەبێت بێ کەم وکوڕی بێت هەر لە بوارەکانی ( تەند روستی و پەروە ردە وفێرکردن وکشتوکاڵ وئاود ێری وئەند ازە ی شار ) وهتد ...

بۆیە حە قی خۆیەتی کە حکومە تی هەرێم وڕێکخراوەکان ئاوڕێکی زیا تر لە ناوچەکە بدە نەوە و پڕۆژە ی خزمەتگوزاری زیاتر پێشکەشی ناوچەکەبکەن ، چونکە پێنجوێن تینووی پڕۆژە ی خزمەتگوزارییەوهە قە حکومەت ئەوە لەبەر چاو بگرێت کەپێنجوین یەکەم قەزایە کەلەشەڕی ( عێراق ـ ئێران ) بەرشالأوی وێرانکاری کەوت و تەنها بینایەکیشی تێد ا نەمابوو کە نەڕووخابێ وەدە کرا حکومەتی هەرێم لەد ابین کرد نی بود جەی سالأنەد ا بۆشاروشاروچکەکان پێنجوێن وناوچەکەی زیاتر لەبەر چاوبگرتایەو بەپێ ی ژمارە ی دانیشتوان بودجەی بۆ نەبڕایە تەوە ونەکرایە تەپێوە ر بەڵکو وێرانکاری بکرایە تە پێوە ریش بۆ پێد انی بودجەی شارەکان هەروە هائەرکی سەرشانی دە وڵەمەندە کانی شاری پێنجوێنە کەد ە ستی هاوکاری وئاواد انکرد نەوە بۆ شارە کەیان د رێژ بکەن و بەگرتنی چمکێك لەکەم و کوڕ ییەکان و پێشکەشکرد نی پڕۆژە ی خزمەتگوزاری چ گەورە بێت یان بچوو ك گرنگ ئەوە یە جێ دەستی خۆیان دەرخەن وە ك بنەماڵەی بەڕێزی ( جەلالی مەحمود ی فە قێ ڕەحیم ) بەنموو نە ، بۆیە دە کرێت بە هەوڵی حکومەت وڕێکخراوە کان و دە وڵە مەندە کانی شارە کە  پێکەوە هەوڵ بد ر ێت پێنجوێن بکەنە وە بە  پێنجوێنی لوبنان شکێن وتازە بووکەکەی کورد ستان تاکو لە هەموو لایە کەوە پۆل پۆل ودە ستە دە ستە خەڵکانی شارە کانی تر وەکو جاری جاران ڕووی تێبکەن ود وای بینینی بڵێن بەڕاستی پێنجوێن ئەو شارە یە کە بەس موفتی پێنجوێنی شاعیری گەورە توانیوویەتی وە صفی بکات ...چونکە گەر لەئێستا هەر کەسێك ولە هەر شارو شارۆچکەیەکی ترەوە سەرد انی بکەن ئەوا بێ یەك ود وو دەڵێن ڕەنگە ئەم شوێنە ئەو پێنجوێنە نەبێت کە موفتی هۆنراوە بە ناوبانگەکەی ( پێنجوێن بە بێ تۆنزیکە مەرگم ...لوبنان شکێن بووی داخێ بە جەرگم ) ی بۆهۆنیوە تەوە بۆیە حە قی خۆیە تی کە هاوار بۆ ڕۆحیانە تی موفتی بەر ین وپێ ی بڵێین موفتی گیان ئەو سیناریۆیەی کە تۆ پێشی زیا تر لە شەست ساڵ بۆ پێنجوێنت داڕشتبوو بە شەست ساڵی تریش جێ بەجێ ناکرێت گەر جارێکی تریش پێنجوێن بەرشالأوی ڕاگواستن و وێرانکاری نەکەوێت ...

**سەرنجێك لەكۆتایی دا :**

**باسكردن ونووسین لەسەر ڕا پەڕینێكی جەماوە ری كارێكی هەروا سانا نیە و پێویستی بە چەند ین د ۆكۆ مێنت وبەڵگەی ڕاست ورە وان هەیە .. ڕا پەڕینەكە ڕا پەڕینێكی جەماوە ری بوو هەر جەماوە ریش سەر قافڵەی ئەو ڕا پەڕینە بوو وە ژمارە یەكی بەرچاوی خەڵك بەشداربوون لەو ڕا پەڕینە كە دە توانرێت مەزە ند ە بكرێت بە ( 1500 ) هەزار و پێنج صەد كەس .**

**ڕەنگە كەسانێك هەبن ڕۆڵی بەرچاویان هەبووبێت و پێشڕە و بوبێتن لەو ڕا پەڕینە بەلأم لەم نووسینەد ا ئاماژە بەهیچ ناوێك نەكراوە چونكە لەوانەیە لەوناو هێنانانەد ا كۆمەڵێك كەسمان بیر بچێت بۆیە پێم باش بوو كە ناوی هیچ كەسێك نەنووسرێت تەنها ئەوە ندە بەسە كە بوترێت كەڕا پەڕینەكە ،ڕا پەڕینێكی جەماوەری بوو سەرجەم چین وتوێژەكانی شار بەشد اریيان تێد اكرد هەرلە ( پیاو ـ ژن ـ خوێندكار ـ مامۆستا ـ كرێكار ـ كاسبكار ) هتدبۆیە هە ڤی خۆیە تی كە یەكە یەكەی دانیشتوانی شاری بەفروخوێن شاری پێنجوێنی دڵڕفێن بۆیان هەیە شانازی بەو ڕا پەڕینەوە بكەن وخۆیان بە خاوە نی ئەو ڕا پەڕینە بزانن .درود بۆگیانی ئەو كەسانەی كە بەشد اربوی ڕا پەڕینەكە بوون وئێستا شەهید بون یان لە ژیاند ا نەماون سەركەوتن وسەربەرزی بۆ بزوێنەران و پێشڕە وانی ئەو ڕا پەڕینە .**

سەرچاوەكان :

- كوردستانی نویٚ ژمارە(2812) 2002/7/20چاوپێكە وتنێكی كاك بكری حاجی سەفەر .
- ئالأ ی ئازاد ی ژمارە (473) 2002/7/15(بابەتێك لەسەر ڕاپەڕینەكەی پێنجوێن ) نووسەری ئەم بابەتە
- ڕۆژنامەی بەرگری ژمارە (89) تەمموزی (2005) بەڵگەنامەیەك لەسەر ڕاپەڕینەكەی شاری پێنجوێن (عەلی محەمەد ئەمین )
- گۆڤاری(پەیڤین ) ژمارە (8) ئازاری (2000) عەبدولڕەحمان